# شرۆڤەی واقعی بێکاری دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین لەنێوان هۆکار و چارەسەردا

م. ی. ڕێباز ظاهر اسماعیل
ماستەر لە ئابووری
ك. بەڕێوەبردن و ئابووری/بەشی ئابووری
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

م. ی. هەژار طلعت ابوبکر
ماستەر لە ئامار
ك. بەڕێوەبردن و ئابووری/بەشی ئامار
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

م. ی. شێروان جەلیل احمد
ماستەر لە ئابووری
ك. کشتوکاڵ/بەشی ڕەزگەری
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی ڕەوشی بێکارانی دەرچوی زانکۆی سەلاحەددین دەدات، بۆ گەیشتن بە هۆکارەکان و لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە جەخت لەسەر چەند هۆکارێکی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کراوە. بۆ سەلماندنی ڕاستی و بەهێزی هۆکارەکانی کە دەبنە هۆی بێکاری دەرچوان پشت بەستراوە بە ڕێگەی (Factor Analysis). بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ پەیوەندی لە نێوان ژمارەکان بۆ گۆڕاوە چەندیەکان ئاما نجی ڕێگەی factor analysis لە دۆزینەوەی پێکهاتەی anomalies بۆ communality composed بۆ P گۆڕاو وە ژمارەیەکی گەورە لە قەبارەی نموونەکە بریتیە لە کەم کردنەوەی ژمارەی گۆڕاوەکان بۆ چەند گۆڕاوێکی کەمتر کە پێیان دەگوترێت هۆکارەکان. بەشێوەی گشتی بۆ ئەم توێژینەوە ڕێگەی PCA بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان لەگەڵ خولانەوەی Varimax بە یارمەتی پرۆگرامی (SPSS, V ٢٢) .

لە کۆتایی مەزنترین بایەخی کاریگەر لە سەر هۆکاری دانەمەزراندنی دەرچووەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەکە بریتییە لەوەی کە بێکاری کەڕێگرە لە هاوسەرگیری و بێکاری لەوانەیە هانی بێکار بدات بۆ کاری نایاسای و بێکاربوون کاریگەری نەرێنی دەروونی هەیە و بێکاری کێشەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە ڕووبەرووی کۆمەڵگەی کوردی و لاوان بەتایبەت دەبێتەوە. وە هەروەها زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەگوێرەی داوای کۆمپانیاکان و ئەوەی لە کۆلێژ خوێندراوە لەگەڵ داواکاری بازار ناگونجێت و نەگونجانی هەلی کار لەگەڵ پسپۆڕی هۆکاری بێکاربوونە وە نزمی ئاستی کرێ و نەبوونی سەرمایە و نەبوونی واستە و ناسیاو و هاتنی ئاوارە و کەسانی بیگانە و بێ بەڵێنی حکومەت لەدوای هەڵبژاردن بەرامبەر کار ڕەخساندن و سەنتەری هۆشیارکردنەوەی بێکاران و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەلی کار چالاك نین و لەبەر ئەوەی پێشتر هەلی کار زیاتر بوو لە کەرتی میری و لە ئێستاش میری کاری بەو هەموو ژمارە فەرمانبەرانە نیە و نا چالاکی کارکردنی کەرتی تایبەت لە ناوچەکەدا و بەشداری نەکردن لە خولی ڕاهێنان و بێکار بوون کار دەکاتە سەر بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی سیاسی لە داهاتوو.

## پێشەکی

دیاردەی بێکاری بە یەکێك لە سیما تایبەتیەکانی ئابووری بەرێژەی جیاواز لەسەر ئاستی ولاَتانی جیهان دێتە ئەژمارکردن. بەشێوەیەك کە هیچ ئابووریەك نیە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەلایەنی کەمەوە گیرۆدەی دەستی ئەو دیاردە نێونەتەوەییە نەبێت. ئەم دیاردەیە بەهۆی فراوانی بنکەکەی لەرووی ئابووری و سیاسی و کۆمەلاَیەتیشەوە بۆتە جێی بایەخی هەموو توێژە جۆر بەجۆرەکان بەشێوەیەك زۆرجار بووەتە چەکێکی زۆر بەهێز سیاسیەکان لەکاتی پرۆپاگەندەی هەلبژاردندا پەنای بۆ دەبەن. وە لەلایەکی ترەوە خودی کەسەکان بەتایبەت بێکارەکان لەکاتی سەیرکردنی نیشاندەرە ئابووریەکانی بانگەشەی هەلبژاردنی سیاسیەکان چاو دەبڕنە نیشاندەری بەکارخستن، کە ئەوە بێگومان لە پلانە ئابووریەکانیاندا رەنگ دەداتەوە.

بەهۆی هەنوکەیی و هەستیاری دیاردەی بێکاری، کارهەلسوڕاندنی حکومەت بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری داواکاری بێکارانەوە. بۆیە کار ڕاپەڕاندنی حکومەت زۆرجار بەشێوەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە چەندێتی بەجێهێنانی بەلێنە ئابووریەکانی، وە بەتایبەت کاریگەری ئەم دیاردەیە بەرزتر دەبێتەوە کاتێك کە ئۆپۆزیسیۆن و رێکخراوە کرێکاریەکان بەهێزن. بەداخەوە هەرێمی کوردستانیش لەو کێشەیە بەدەر نیە وە کێشەکە بەتایبەت لەم سالاَنەی دوایی دا قولتر بۆتەوە ئەوەش وەکو دەرهاوێشتەیەکە بۆ ئەو پێش هاتە ئابووری و سیاسیەی کەهاتۆتە ئاراوە.

بۆیە لەم توێژینەوە پراکتیکیەدا هەولدەدەین لێکۆلێنەوە لە دیاردەی بێکاری لاوانی دەرچووی زانکۆی سەلاَحەددین بکەین. ئەوەش بەمەبەستی خستنەرووی سروشتی هەنوکەیی دەرچوانی ئەم زانکۆیە و بەدیارخستنی گرینگترین ئەو هۆکارانەی کە لە پشتی ئەم دیاردەیەوەن. بەوەرگرتنی لایەنە ئابووری و سیاسی و کۆمەلاَیەتیەکان و بۆچوونی قوتابیانی دەرچووی ئەو زانکۆیە لەڕووی ئامادەکردنیان لەلایەنی زانیاریەوە بۆ چوونە نێو بازاڕی کار. هەولدەدەین بەدوای چارەسەری گونجاو و پراکتیکی دا بگەڕێین بۆ رووبڕووبونەوەی ئەم کێشەیە.

### گرنگی توێژینەوە:

کێشەی بێکاری دەرچوانی زانکۆ بەکێشەیەکی هەستپێکراو و جێی تێڕامانی هەموو ولاَتانی جیهان بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش بەتایبەت دادەندرێت. هەولدان بۆ تێگەیشتن لەڕەوشی ئەوکێشەیە لە هەرێم و وێناکردنی چارەسەر بۆی ئەرکێکی چارهەلنەگرە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوە بەدیارخستنی هۆکارە ئابووری و رامیاری و کۆمەلاَیەتی یە سەرەکیەکانە کە بەرپرسن لە دیاردەی بێکاربوونی دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین. وە گەڕانە بەدوای گرنگی ڕێژەیی ئەو هۆکارانە لە دیدی دەرچوانی بێکاری زانکۆکە. هەروەها گەڕان بەدوای ئەو ڕێگەچارانەی کە یارمەتی کەمکردنەوەی دیاردەکە دەدەن.

### کێشەی توێژنەوە:

بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە بێکاری لە نێوان دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین وە هەروەها ئەو هۆکارە ئابووری و سیاسی و کۆمەلاَیەتی و تەکنیکیانە چین کە بوونەتە هۆی زیاتر بێکاربوونی دەرچوانی زانکۆی سەلاَحەددین؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

**توێژینەوەکە چەند گریمانێکی هەیە کە بریتین لە:**

1. **کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری هەن بەشدارن لە بێکاربوونی دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین.**
2. **هۆکاری ڕامیاری شان بەشانی هۆکاری ئابووری ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بێکاربوونی دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین.**
3. **لایەنی تەکنیکی کە خۆی بە ئامادەکردنی قوتابی لە زانکۆدا بە لایەنی فێرکردن و پراکتیکی ئامادەبوونی قوتابی بۆچوونە بازاڕی کار دەنوێنێت ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆ.**

**شوێنی توێژینەوە:**

**بژاردەیەك لە دەرچوانی زانکۆی سەلاحەدین لەشاری هەولێر دەگرێتەوە.**

**شێوازی توێژینەوە:**

**بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پشت بە دابەشکردنی (٢٠٠) فۆرمی ڕاپرسی بەستراوە کە زیاتر لە (٢٥) پرسیاری جۆراوجۆری لە هۆکارە ئابووری و ڕامیاری و تەکنیکی و کۆمەڵایەتیەکانی دیاردەی بێکاربوونی دەرچوانی زانکۆی سەلاحەدین لەخۆی دەگرێت. پاشانیش داتا دەستکەوتووەکان بە پێی شێوازە ئیستقرائی لە خشتەی تایبەتدا شرۆڤە دەکرێن.**

**پەیکەری توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بەسەر دوو باس کە باسی یەکەم لایەنی تیۆریە و پێك دێت لە سێ بەش. بەشی یەکەم بریتیە لە چەمك و پێناسەکانی بێکاری. بەشی دووەم جۆرەکانی بێکاری لەخۆ دەگرێت. وە بەشی سێیەم و کۆتایش پێك دێت لە پوختەی لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەکانی دیاردەی بێکاری. هەرچی باسی دووەمە لایەنی پڕاکتیکی دەگرێتەوە کە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان پشت بە شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی دەبەسترێت. پاشان دەرئەنجام و پێشنیارەکان (الاستنتاجات والتوصیات) دێت.**

**باسی یەکەم: لایەنی تیۆری**

**باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیە کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی ئەوە دەدرێت کە بەدوای ئەو چەمك و زاراوە تیۆریانەدا بگەڕێ کە لایەنی پڕاکتیکی توێژینەوەکە بەهێزتر دەکەن.**

**١-١. چەمك و پێناسەکانی بێکاری**

**ڕێژەی بێکاری نیشاندەرێکی بەرفراوانی بەکارهاتووە بۆ نیشاندانی ئارەزوومەندبوون لەکارکردن لە بازاڕی کاردا و پێوەرێکی گرنگی باری ئابووریە بەشێوەیەکی گشتی. لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاری بەشێوەیەکی تیۆریە، بەڵام بەشێوەیەکی پڕاکتیکی پۆلێنکردنی تەمەنی کارکردنی کەسەکان وەکو ئەوانەی کاریان هەیە و ڕێژەی بێکاران یاخود ئەوانەی لەدەرەوەی هێزی کارن کارێکی قورسە. بۆ ئاسانکاری بەراوردکاریەکانی ڕێژەی بێکاری بەدرێژایی کات و لە نێوان وڵاتاندا، لە ساڵی ١٩٥٤ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی(**International Labor Organization "ILO"**) ڕێکاری ئاراستەکردنی پۆلێنکردنەکانی کەسەکانی لە بازاڕی کاری وڵاتان دانا. ئەوانە ئێستا گونجێندراون، بەلایەنی کەم لە چەند شێوەیەك، لەلایەن زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی تازە گەشەکردوو بەکاردێت، کە ڕێگەی بەو ڕێکخراوەدا بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی گەورە لە زنجیرەی ئاماری بەراوردکاری بۆ ئەو وڵاتانە و بەدرێژایی کات کۆ بکاتەوە (Byrne and Strobl, ٢٠٠١, ٧).**

**بەگوێرەی ڕێکارەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ( ILO ) کەسێك بێکارە ئەگەر هاتوو ۱ ) کارنەکات، ۲ ) ئێستا ئامادەی کارکردن بێت و ۳ ) بەدوای کاردا بگەڕێت. هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەمانە بەشێوەیەکی پراکتیکی بەشێوەیەکی گشتی کارێکی گرانە. لەکاتێکدا بۆ کەسانی بەکار بەشێوەیەکی ڕێژەیەیی پۆلێنکردنیان لەزۆربەی وڵاتان کارێکی ئاسان بێت. لەمەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە گرانی پۆلێنکردنی بێکاران بەهۆی نەبوونی زانیاری زۆر وردە سەبارەت بەبێکاران بە بەراورد لەگەڵ کەسانی بەگەڕخستراو. چونکە لەوانەیە پابەندی خاوەنکار بە ڕێساو یاساکان وا بکات کە زانیاری لەسەر کەسە بەگەڕخراوەکانی بۆ لایەنی پەیوەندی دار بەردەست بکات** ( Byrne and Strobl, ۲۰۰۱, ۷ ).

**بێکاری پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتیە لە بەردەست نەبوونی کار لە کۆمەڵگایەك کە حەز بەکاردەکەن و بەدوایشیدا دەگەڕێن، یاخود بریتیە لە سیفەتی بێکار. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن توانای کارکردنیان نیە وەکو: منداڵ، نەخۆش، بەساڵاچوان و ئەوانەش کە خانەنشینن. لە بەرامبەریشدا کەسانێك هەن توانای کارکردنیشیان هەیە و بەبێکار دانانردرێن وەکو: ئەو قوتابیانەی کە لە خوێندندان. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەسێك بە بێکار دادەندرێت ئەگەر دوو مەرجی لێ هاتەدی ( صالح و فارس، ۲۰۰۹، ۲۰ ):**

٤. **توانای کارکردنی هەبێت.**

٥. **بەدوای کاردا بگەڕێت.**

**۱-۲. جۆرەکانی بێکاری**

**دەتوانین گرنگترین جۆرەکانی بێکاری لەم هێڵکاریەی خوارەوە روون بکەینەوە:**




**سەرچاوە: ئەم هێلکاریە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادە کراوە. ( بلعربی، ۲۰۱٤ )**

**پێناسەکانی جۆرەکانی بێکاری ئەمانەن:**

**۱- بێکاری خولی ( البطالة الدورية ):**

**بریتیە لەو جۆرە بێکاریەی کە بەخولە ئابووریەکان ( الدورات الاقتصادية ) بەستراوەتەوە، کە ئەو خولانەش لە ئابووریە سەرمایەداریەکاندا هەیە، کاتێك کە بە قۆناغی بوژانەوەی ئابووریدا دەڕوات ئەوا ئاستی بەگەڕخستن بەرزدەبێتەوە و پاشان قوناغی سستی ئابووری بەدوایدا دێت کە لە ڕێگەیەوە خواست کەم دەبێتەوە وپاشانیش ئاستی بەکارخستن کەم دەبێتەوە، وە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا بەرێکردنی کرێکاران بەخۆیەوە دەبینێت کە دووبارە لەکاتی بوژانەوە بۆ کارەکانی دەگەڕێتەوە کاتێك کە باری بوژانەوە روودەدات.**

**٢- بێکاری لێکخشان (البطالة الاحتكاكية):**

**ئەم جۆرە بێکاریە ڕوودەدات بەهۆی گواسترانەوەی هێزی کار لە نێوان ناوچەکان و پیشە جۆربەجۆرەکان وە ڕوودەدات بەهۆی کەمی زانیاری لەلایەن ئەو کەسەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێت لەوانەی کە هەلی کاریان هەیە و ئەوانەش کە بەدوای کاردا دەگەڕێن بەدوای یەکتردا دەگەڕێن (صالح، ٢٠٠٨، ٨١).**

**٣- بێکاری پەیکەری "تەکنۆلۆجی" (البطالة الهيكلية "التقنية"):**

**ئەو جۆرە بێکاریە لە هێزی کار لە ئەنجامی گۆڕانی پەیکەربەندی ئابووری یا بە واتایەکی ووردتر گۆڕانی پەیکەری بەرهەمهێنانی، وەکو گۆڕانی پەیکەربەندی خواست لەسەر بەرهەمەکان یا گۆڕانی هونەری بەرهەمهێنانی یاخود گوازرانەوەی پیشەسازیەکان بۆ دامەزرانەوەیان لە ناوچەی تر. کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆجی یا پێشکەوتنی زانستی ئەوا بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای تازە دەبێتە شتێکی پێویست، ئەوەش بۆ ئەوەی شمەك و خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی بڕوات، کە ئەوەش پێویستی بە دەستی کاری پسپۆڕ هەیە، کە ئەوەش وا لە خاوەن کار و دامەزراوەکان بکات دەستبەرداری کرێکارە سادەکان بن و قەرەبویان بەدەستی کاری تر بکەنەوە کە بە تواناترن، و بەم شێوەیە هەرچەندە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی زیاد بکات ئەوەش بێکاری پەیکەری زیاد دەکات. (بلعربی، ٢٠١٤، ٦٣)**

**هەروەها لەو جۆرە بێکاریەدا تەنانەت دەکرێت بەبێ ئەوەی شوێنی کرێکارە سادەکان بە کرێکاری بەتواناتر پڕبکرێتەوە یەکسەر بە تەکنەلۆژیای تازە شوێنیان بگیرێتەوە بەمەش کێشەکە گەورەتر دەبێت و بێکاری زیاتر دەکەونە بازاڕ. وە لەلایەکی ترەوە لە ولاٌتە پێشکەوتووەکان لە ئێستا زیاتر بیر لەوە دەکەنەوە بەوەی کە کرێکارەکان بە ئامێر شوێنیان بگیرێتەوە ئەوەش بۆ هەردوو جۆری لێهاتوو بەرز و نزمیش لە هەمانکاتدا ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کرێکاری توانا بەرز، ئەوەش لەبەر ئەو بارگرانە داراییەی کە کرێکارەکان دەیخەنە سەر کۆمپانیاو خاوەن کارەکان. کە بێگومان بەهۆی ئەوەش بێکاری زیاتر دەبێت. وە لەلایەکی ترەوە ئەو ئامێرانە سەرەڕای هەبوونی تێچوونی وەکو تێچوونی چاککردنەوە بەلاٌم لە کۆی گشتیدا تێچوونەکەی کەمترە کەچی هی مرۆڤەکان بەهۆی تێچوونی بیمەی بێکاری و بیمەی تەندروستی و ڕۆژەکانی مۆڵەتی کار و داواکاری بەردەوامی سەندیکاو کۆمەڵەکاریەکان بۆ بەرزکردنەوەی کرێ.**

**٤- بێکاری نەپۆشراو یا دیار (البطالة السافرة او الصريحة):**

**بەشێوەیەکی ڕوون زیادەی خستنەڕووی دەستی کارە بە بەراورد بە خواست لە سەری لە بازاڕی کار. زیادبوونی ئەوجۆرە دەگەڕێتەوە بۆ پێڕانەگەیشتنی هەلی کار بەو هەڵقولاٌنە بەردەوامەی کە لە دەستی کار لە بازاڕی کاردا ڕوودەدات بەهۆی زیادبوونی خێرای دانیشتوان.**

**وە بێکاری گواستراو دەکرێت احتكاكی و خولی و هەیکەلیش بێت. وە ماوە کاتیەکەی درێژ یا کورت دەبێت بەگوێرەی جۆری بێکاریەکە وباری ئابووری نیشتیمانی، و لە ولاٌتانی پێشکەوتوو قەبارەو ڕێژەی بێکاری سافرە لە ماوەی سستی ئابووری زیاد دەکات (عبدالقادر، ٢٠١٢، ١٩).**

**٥- بێکاری ڕووپۆش (البطالة المقنعة):**

**مەبەست پێی کەڵەکەبوونی ژمارەیەکی زۆری لە کرێکارانە بەشێوەیەك لە سەرووی پێویستی فیعلیە بۆ کار، کە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کرێکاری زیادە هەیە و بەنزیکەیی هیچ بەرهەم ناهێنێت، بەلاٌم کرێش وەردەگرن وە ئەگەر لە شوێنی کارەکەی لا ببردرێت بەرهەم کەم ناکات- کە ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت هەبوونی ئەو کرێکارانە تێکڕای تێچوونی بەرهەمەکان بەرز دەکەنەوە**

**وە لە وڵاتانی دواکەوتودا بێکاری رووپۆش لە کەرتی کشتوکاڵی سەر هەڵدەدات ئەوەش بە هۆی هەبوونی زیاد بوونی رێژەی دانیشتوان کە بەبەردەوامی پاڵە پەستۆ دەخاتە سەر ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی کە بەردەستن، وە پاشان ئەو جۆرە بێکاریە گواسترایەوە کەرتی خزمەتگوزاری حکومیش، بەهۆی بەکارخستنی زیادەی حکومی و پابەند بوونی حکومەت بە دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا باڵا و مامناوەندەکان (مراد، ٢٠٠٠، ١٣).**

**ئەگەر وامان دانا هەموو ئەوانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن لێهاتوویی (مهارات) داواکراویان لە ئەو هەلی کارانەی کە بەردەستن هەیە تەنها زانیاری نەبێت کە ناکرێت بەبێ بەرامبەر دەست بکەوێت، ئەگەر هات و ژمارەی هەلی کارە بەردەستەکان و کرێکەی بۆ ئەو کرێکارانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن نەزاندراوە ئەوا لەسەر ئەو کەسانە پێویستە بەشێوەیەك بەکردەی گەڕان هەڵبستن کە کات و کەرەستەی تری لێ خەرج بکەن بەشێوەیەك بە زانیاری بگەن سەبارەت بە لێهاتووییە بەردەستەکانیانی ئەو کرێکارانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن دەست بکەوێت. ئەو بێکاریەی کە لەو کردەی گەڕانە دروست دەبێت بێکاری لێکخشانە (البطالة الاحتكاكية) (الجبارة، ٢٠٠٦، ٥٦).**

**١-٣. لێکەوتەکانی بێکاری:**

**دیاردەی بێکاری لەو دیاردانەیە کە هیچ کۆمەڵگایەك بە هیچ شێوەیەك حەزی پێناکەن ئەوەش بەهۆکاری ئەو دەرهاوێشتانەی کە لەو دیاردەیە دەکەوێتەوە. لەلایەنی ئابووری ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەفیڕۆچوونی سەرچاوە ئابووریەکان لە دەستی کار و کەرەسە ئابووریەکان، لەلایەکی ترەوە بەشداریەکی راستەوخۆی بەرزبوونەوەی هەژاری دەکات. هەروەها لەلایەنی رامیاریەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی لایەن و پارتەکانی دژ بە حکومەت و حزبی دەسەڵاتدار و زۆرجار دەبێتە هۆی دۆڕاندنی هەڵبژاردنە داهاتوویەکانی حزبی دەسەڵاتدار.**

**کاریگەری کۆمەڵایەتیش ڕویەکی تری ترسناکی ئەو دیاردەیەیە بەشێوەیەك لەوانەیە هەندێکجار پاڵ بە کەسی بێکارەوە بنێت پەنا بۆ خۆ کوشتن ببات وە یانیش پەنا بۆ دیاردەی دزێوی وەکو دزی و رێگری کردن ببات بۆ دەستکەوتنی پارە بەمەش کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەرزتر دەکاتەوە و بارگرانییەکی زۆرتری ئابووری دەخاتە سەر حکومەت ئەوەش بەکردنەوەی نەخۆشخانەی زیاتر بۆ قوربانیانی لێکەوتەکانی بێکاری و کردنەوەی بەندیخانەی زیاتر و پێویست بوونی پۆلیسی زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردنی بارەکە وە ئەوانەش هەموو لە کۆتاییدا دەبنە هۆی بارگرانی ئابووری لەسەر حکومەت. وە زۆر بێکاری سەرچاوەی هەڵوەشانەوەی خێزانە کە ئەمەش لە خودی خۆیدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەیە.**

**١-٣-١. لێکەوتە ئابووریەکان:**

**دەکرێت لێکەوتە ئابووریەکان لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە (الأسطل، ٢٠١٤، ٤٢-٤٣):**

**١- بەرزبوونەوەی بارگرانی لە ئەستۆگرتن ئەوەش لەبەر بەرزبوونەوەی تێکڕای بێکاری، وە ئەوەش بەهۆی نزمبوونەوەی بەرهەمهێنان، وە بەرزبوونەوەی ژمارەی بەکاربەران بەهۆی هاتنە پاڵی بێکاران، کە ئەوەش ئاستی بژێوی کەم دەکاتەوە و پاشان کەمبوونەوەی پاشەکەوت و وەبەرهێنان پاشان کەمبوونەوەی توانای بەرهەمهێنانی، هەروەها دابەزینی بەرهەم و داهاتی نەتەوەیی.**

**٢- بێکاری زۆر کێشە کە پێوەی بەندە دەهێنێتە ئاراوە، وە لێوەی دەکەوێتەوە، لەوانە کاریگەری لەسەر نزمکردنەوەی ئاستی کرێ، چونکە بێکاری زیادەی خستنەرووی دەستی کار دەنوێنێت، وە لەدوای ئەوە نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی بەهۆی کەمی کرێ.**

٣- لەدەستدانی لێهاتوویی و شارەزایی کرێکاران بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەك ئەوەش بەهۆی زۆری ماوەی چاوەڕێکردنیان یاخود بێکاربوونیان.

٤- بێکاری دەبێتەهۆی داخورانی بەهای سەرمایەی مرۆیی، شارەزایی و لێهاتووی زانستی کەڵەکەبوو کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لەکاتی کار ئەنجامدانی کە لە خودی خۆیدا بەهایەکی بەرزی هەیە، وە بەهایەکی بەرهەمداری بەرزی هەیە، کەچی بێکاربوونی مرۆڤ و وەستانی لەکار بۆ ماوەیەکی درێژ تەنها نابێتە هۆی وەستانی بەدەستهێنانی ئەو لێهاتووییانە و کەڵەکەبوونیان، بەڵکو دەبێتە هۆی داخوران و بەرە و نەمان ڕۆیشتنیشی، وە تەنانەت ئەگەر بشگەڕێتەوە بۆ کار لە دواییدا، ئەوا بێگومان بەخشین و بەرهەمداریشی دادەبەزێت.

٥- بێکاری بە کەرەسەی بەرهەمهێنانی بەکارنەهاتوو بەشێوەیەکی نموونەیی دادەنرێت، ئەو شتەی واتای بەفیڕۆدانی کەرەسەی بەرهەمهێنانی لە کۆمەڵگا دەگەیەنێت.

٦- کەمبوونەوەی قەبارەی خەرجی نیشتیمانی، وە پاشان کەمبوونەوەی ئاستی خواستی گشتی، کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەم.

٧- نزمبوونەوەی قەبارەی دەستهاتی وڵات لەڕێگای نزمبوونەوەی قەبارەی باج و لەسەر ئەو داهاتانەی کە لە بێکاریەوە دێن، و لاواز بوونی توانای کڕین بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەك لە بازاڕی ناوەخۆ و زیاد بوونی قەبارەی هەژاری .

### ٢-٣-١. لێکەوتە ڕامیاریەکان:

یەکێك لە لێکەوتە سەرەکیەکانی بێکاری بریتیە لە پشێوی کەوتنە ناو وڵاتەوە ئەمەش بەو زۆری کێشە نانەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی گرفتی بێکاری بوونەتەوە، وە دروست بوونی بیری توندڕەوی، وە نا سەقامگیری ئاسایش، ئەمەش وا دەکات پەشێوی زیاتر دروست دەبێت و حکومەت ئەرکێکی زیاتری دەکەویتە سەر بۆ پاراستی دامەزراوە گشتی و تایبەتی یەکان لە دەست تێکدان و تاڵان کردن.

وە گرنگترین لێکەوتە ڕامیاریەکان ئەمانەن (الشیخ ، ٢٠١٤، ١١-١٢):

١. نەبوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتی کە ئەمەش زۆربەی کات دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری بارودۆخی ڕامیاری و ئاسایش، لەگەڵ زیادبوونی کاتی بێکاری لەلایەن بێکارەکان، دەبێتە هۆی تەشەنەسەندنی زۆرێك لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان کە هانی بێکار دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری تۆقاندن و تێکدانی باری ئاسایش.
٢. کەسی بێکار هەست بەوە دەکات لە وڵاتەکەی پشت گوێ خراوە ختووە و بێبەشە لە خزمەتگوزاریەکان کە ئەمەش هەستی نەتەوایەتی و ئینتمای بۆ زەحمەت دەکات.
٣. هەست کردن بە برسیەتی و توڕەبون و بێهیوابون لەجیاتی بوونی ژیانێکی ئارام ئەوا مەترسی لەسەر کیانی ئەو دەوڵەتە دروست دەکات، وە کەمبوونەوەی ئاستی بژێوی، دەبێتە هۆی توڕەبوونی گەل بەگشتی کە هەڵگری بیری پێچەوانەن کە مەترسی لەسەر سەقامگیری ڕامیاری هەیە لە وولاتدا.

**٢- کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان:**

**لەکاتی بێکاریدا کەسی بێکار هەستی نەتەوایەتی لاواز دەبێت و لەوانەشە لەدەستی دەدات وە هەست بە داخراوی و بۆشایی دەکات وە هەروەها هەست بە دڵەڕاوکی و هەڵبەزو دابەزی بارودۆخی خۆی دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بێکار بیری بەلای هەڵسوکەوتی تاوانکاری و دزی و کارە نابەجێکان ببات ( بریفکانی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ٢٢٤ ).**

**دەتواندرێت بوترێ بێکاری وە بەتایبەتی بێکاری گەنجان، دەبێتە هۆی زۆری لادان لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتی یەکان چینی گەنجان بیبەش دەبن وە شوێنێکی گرنگ داگیرداکەن لە هەموو جۆرە تێکەڵ بوونێکی کۆمەڵایەتیدا لەبەر ئەوە بەداوی هەڵسوکەوتی نوێ دەگەرێت کە پێچەوانەی یاسا کۆمەڵایەتیەکانە. وە گرنگ ترین ئەو هەڵسوکەوتانە بریتیە لە ئالودەبوونی مادە هۆشبەرەکان و کارکردن بە ئاراستەی ئابووری نا رەسمی ( سلیمە، ٢٠٠٥، ٢٢ ).**

**گرنگترین کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەمانەن ( الفتلاوی، ٢٠٠٩، ٢٢١ ):**

1. **کەمبوونەوەی ڕێژەی خەرجییە گشتیە کۆمەڵایەتیەکان کە بە ئاراستەی خزمەتگوزاریە گشتی یەکان دەچوون وەکو خەرجی تەندروستی و خوێندن و ڕێگاوبان و پرد و ژێرخانی ئابووری تر، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چاودێری تەندروستی و پزیشکی وە زۆربوونی نەخۆشی و ژمارەی مردوان.**
2. **زیادبوونی تێکرای بێکاری و برسیەتی و بێبەشبوون لە خۆراك، وە لەدەست دانی سەرچاوەی داهاتەکەی بەمەش دڵنیایی لەو وڵاتە لەدەست دەدات، وە بەتایبەتی لە کاتی نەبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە هەڵگری خەمی تاکەکانن لەلایەنی دەروونی و خێزانی و کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش لە کۆتایدا باجەکەی دەدات لە ئەنجامی ئالوودە بوون بە مادەهۆشبەرەکان و خواردنەوەی مەی و سەرەڕای هەڵسان بە کاری تاوان و ڕەگەز پەستی. وە ئەم کاریگەرییانەی بێکاریش زۆر مەترسیدارن بۆ سەر کۆمەڵگا بەگشتی، بە شێوەیەك کە تاك بە شێوەیەکی بەرجەستەیی هەستی پێ دەکات، بە جۆرێك کە زەرەرمەندی یەکەم و سەرەکی لەم گرفتەدا تاکە.**

## باسی دووەم: لایەنی پراکتیکی

**ئەم باسە پێك دێت لەلایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە بۆ قوتابیانی دەرچووی دانەمەزراوی زانکۆ سەلاحەدین – هەولێر بە ڕێگای شیکردنەوەی هۆکاری (Factor Analysis) کە پرسیارەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەسەر چەند قوتابییەکی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر دابەش کراوە .**

**٢-١. کۆکردنەوەی داتا**

**ئەو داتایانەی لەمیانەی ڕاپرسی بەسەر قوتابیانی دانەمەزراو کۆکراوەتەوە بەڕێگای چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و ئیمەیل و فیس بووك بەکارهاتووە. کە فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەیەکی هەرەمەکی دابەشی سەر ( ٢٠٠ ) قوتابی دانەمەزراوی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە ( پاشکۆی١ ). ژمارەی نموونە بەکارهاتووەکە لەم توێژینەوە ١٣١ دانەن وە ئەوانی تر بەهۆی نەگەڕانەوەیان یان کەم و کورتی و ناتەواوی فۆرمەکان لادراون.**

**٢-٣. ڕونکردنەوەی ئاماری**

**خشەی (١): روون کردنەوەی ئاماری بۆ گۆڕاوە جۆریەکان و گۆڕاوی تەمەن**

| بڕگەکان | پۆلەکان | دووبارەبووەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| تەمەن | بچوکتر لە ٢٥ | ٦٦ | ٥٠.٤ |
| | ٢٦ - ٣٠ | ٥٠ | ٣٨.٢ |
| | زیاتر لە ٣١ | ١٥ | ١١.٥ |
| ڕەگەز | کور | ٨٢ | ٦٢.٦ |
| | کچ | ٤٩ | ٣٧.٤ |
| ئاستی خوێندن | دبلۆم | ٢١ | ١٦ |
| | بەکالوریوس | ٩٨ | ٧٤.٨ |
| | دبلۆمی باڵا | ٧ | ٥.٣ |
| | ماستەر و دکتۆرا | ٥ | ٣.٨ |
| باری خێزانداری | سەڵت | ٥٥ | ٤٢ |
| | خێزاندار | ٧٦ | ٥٨ |
| ساڵانی دەرچوون | کەمتر لە ٣ | ٨٧ | ٦٦.٤ |
| | ٣ - ٦ | ٢٩ | ٢٢.١ |
| | ٧ - ٩ | ١٠ | ٧.٦ |
| | زیاتر لە ١٠ | ٥ | ٣.٨ |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | ناوشار | ٩٢ | ٧٠.٢ |
| | دەرەوەی شار | ٣٩ | ٢٩.٨ |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

**لە خشتەی (١) دا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی قوتابیانی دانەمەزراوی بەشداربوو لەم ڕاپرسیە ڕەگەزیان کورە بەڕێژەی (٦٢.٦٪) و ئەوانەی کە تەمەنیان بچوکترە لە ٢٥ ساڵ (٥٠.٤٪) پێکدەهێنن و خاوەن بڕوانامە بەکالیۆرۆسەکان (٧٤.٨٪) و ئەوانەی خێزاندارن (٥٨٪) و ئەوانەی کە کەمتر لە ٣ ساڵە زانکۆیان تەواوکردووە (٦٦.٤٪) و لەکۆتایشدا ئەوانەی کە لە ناو شاردا دەژین (٧٠.٢٪). ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو ئەو دەرچوانەی کە دانەمەزراون لەم ساڵانەی دوایدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە وە پڕۆسەی دامەزراندنیشی ڕاگرتووە.**

**٢-٤. شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان** (Principle Component Analysis)

١- **یەکەم پرسیار لەماوەی قۆناغەکانی پلاندانان بۆ شیکردنەوەی هۆکاری بریتیە لە زانینی قەبارەی نموونەکە، کە تا چەند دەبێت گەورە و شیاوبێت بۆ شیکارکردنی شیکردنەوەی هۆکاری. مەرجی قەبارەی نموونەکە(**Sample**) بەشێوەی گشتی پێك دێت لە دوو بەش ژمارەی کەیسەکان (حاڵەتەکان) و ڕێژەی کەیسەکان بۆ گۆڕاوەکان (**subjects-to-variables [STV]**). بۆ نموونە بنەمای دیاریکردنی قەبارەی نموونەکە مەرجە یەکێك لەمانە بێت:**

- **ژمارەی کەیسەکان ٥١ دانە زیاتربن لە ژمارەی گۆڕاوەکان (**Lawley & Maxwell, ١٩٧١, ١٥٣**).**
- **بەلایەنی کەم ١٠ کەیس بۆ هەر گۆڕاوێك وە ڕێژەی کەیسەکان بۆ گۆڕاوەکان **[STV]** پێویستە کەمتر نەبێت لە ٥ **(Bryant & Yarnold, ١٩٩٥, ١٢٥)
- **بەلایەنی کەم ١٠٠ کەیس هەبێت وە ڕێژەی کەیسەکان بۆ گۆڕاوەکان **[STV]** کەمتر نەبێت لە ٥ (**Suhr, ٢٠٠٦, ٨**).**
- **بەلایەنی کەم ژمارەی کەیس لەنێوان (١٥٠-٣٠٠) بێت (**Hutcheson & Sofroniou, ١٩٩٩, ٨٧**).**

- بەلایەنی کەم ٢٠٠ کەیس بێت و بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی کەیسەکان بۆ گۆڕاوەکان ( Gorsuch, ١٩٨٣, ٤٤ ).
- بەلایەنی کەم ٣٠٠ کەیس بێت ( Norušis, ٢٠٠٥, ١٠٦ ).

بەگوێرەی داتاکەمان کە ١٣١ کەیس و ٢٥ گۆڕاومان هەیە وە ڕێژەی کەیس بۆ گۆڕاوەکان بریتی یە لە ٥.٢٤ بۆ ١. کە ئەمەش مەرجی ڕێژەی کەیس بۆ گۆڕاوەکان دەهێنێتەدی ( Suhr, ٢٠٠٦, ٨ ).

٢- هەروەها پێش ئەنجامدانی شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان دەبێت ئەوە بزانین کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان گۆڕاوەکان لە ریزکراوی پەیوەندیدا ( Correlation Matrix ).

مەرجە لە شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان بەلایەنی کەم ٣ لە گۆڕاوەکان پەیوەندیان لە ٠.٣٠ زیاتربێت. لێرەدا دەبینین کە زیاتر لە ١٥ گۆڕاو پەیوەندیەکەیانیان لە ٠.٣٠ زیاترە کە ئەمەش مەرجەکە دەستەبەر دەکات وە ئەو گۆڕاوانەی کە پەیوەندیەکانیان لە ٠.٣٠ زیاترە رەنگیان جیاکراوەتەوە ( پاشکۆی ٢ ).

٣- مەرجێکی تر پێش ئەنجام دانی بەهۆکارکردنی ( factorization ) گۆڕاوەکان دەبێت جیاوازی ( variance ) بۆ هەر گۆڕاوێك لە دژە وێنەی ریزکراوی پەیوەندی ( Anti- image Correlation Matrix ) گەورەتر یان یەکسان بێت بە ٠.٥.

لە دژە وێنەی ریزکراوی پەیوەندیدا جیاوازی بۆ گۆڕاوەکانی "بڕوانامە ڕۆڵی زۆرە بۆ دۆزینەوەی کار " و "ئەگەری ئامادەبوونی کارکردن لە هەر شارێکی تری کوردستان لەکاتی هەبوونی هەلی کار و ئامادە بوون بۆ کارکردن لە هەر کەرتێك کە هەلی کاری لێیوە بڕەخسێت " بریتیە لە ٠.٤١ و ٠.٤٦ و ٠.٣٨ یەك لەدوای یەك کە ئەمانەش بچوکترن لە ٠.٥، بۆیە دەبێت لە شیکردنەوە دووربخرێنەوە ( پاشکۆ٣ ).

٤- باوەکان ( Communalities ) گوزارشت لە ڕێژەی جیاوازی بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەکات، کە ئەمە ئەنجام دەدرێت بۆ شیکارکردنی هۆکاری. لە شیکارکردنی هۆکاری پێویستە بەلایەنی کەم پێك بێت لە نیوەی هەریەك لە جیاوازی گۆڕاوەکان کە نرخی باو بۆ هەر گۆڕاوێك پێویستە ٠.٥ یان زیاتر بێت. لەبەرئەوەی باوەکانی هەریەك لەگۆڕاوی "ڕێکارە یاساییەکان لەمپەڕن لە بەردەم دۆزینەوەی کار ٠.٤٩" و "نەبوونی سەرچاوەکانی زانیاری بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار هۆکارە لە دەستنەکەوتنی کار ٠.٣٦" و "بێکاری دیاردەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە ٠.٤٢ " کەمترن لە ٠.٠٥ بۆیە دەبێت لە شیکردنەوەکە لابدرێن. ( Neli, ٢٠٠٢, ٤٥٠ ) وە ( Richard and Dean, ٢٠٠٧, ٤٣٠ ).

**خشتەی ( ٢ ): باوەکان ( Communalities ) بۆ شیکردنەوەی هۆکاری**

| Communalities | | |
|---|---|---|
| بار ( هۆکار ) | Initial | Extraction |
| بێکاریە نا چالاکی کارکردنی کەرتی تایبەت لە ناوچەکەدا هۆکاری = X١٢ | ١.٠٠٠ | ٠.٥١٨ |
| ناسیاو هۆکاری سەرەکی بێکار بوونن نە بوونی واستە و = X١٨ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٢٦ |
| بێکاریە نزمی ئاستی کرێ هۆکاری =X١ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٢٨ |
| دەبێتەو بێکاری کێشەیەکی جیددیە کە ڕووبەڕووی کۆ مەڵگەی کوردی و لاوان بەتایبەت = X٢٠ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٣ |
| زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەگوێرەی داوای کۆمپانیاکان لە هۆکاری بیکاربوونە = X١٣ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٣١ |
| لەبەر ئەوەی پێشتر هەلی کار زیاتر بوو لە کەرتی میری و لە ئێستاش میری کاری بەو هەموو ژمارە نیە فەرمانبەرانە = X١٦ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٤ |
| نەبوونی سەرمایە هۆکاری بێکاریە = X٣ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٤٤ |
| هاتنی ئاوارە و کەسانی بێگانە هۆکاری بێکاریە = X١٠ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٤٦ |
| بێکاربوون کاریگەری نەرێنی دەروونی هەیە = X٢٢ | ١.٠٠٠ | ٠.٥٩٥ |
| بێ بەڵێنی حکومەت بەرامبەر هەلی لەکەتی گشتی و تایبەتی = X١٤ | ١.٠٠٠ | ٠.٦٠٣ |

| | | |
|---|---|---|
| بێکاری لەوانەیە هانی بێکار بدات بۆ کاری نایاسایی . = X٢٣ | ١.٠٠٠ | ٠.٦١٨ |
| نەگونجانی هەلی کار لەگەڵ پسپۆڕی هۆکاری بێکاربوونە = X٦ | ١.٠٠٠ | ٠.٦٢١ |
| چالاك نین  سەنتەری هۆشیارکردنەوەی بێکاران و بلاوکردنەوەی زانیاری هەلی کار = X١٧ | ١.٠٠٠ | ٠.٦٣٥ |
| بێکاری ڕێگرە لە هاوسەرگیری = X٢١ | ١.٠٠٠ | ٠.٦٥٣ |
| بەشداری نەکردن لە خولی ڕاهێنان هۆکاری بێکاربوونە = X٧ | ١.٠٠٠ | ٠.٦٦٩ |
| ئەوەی لە کۆلیژ خوێندوتە لەگەڵ داواکاری بازار ناگونجێت = X٥ | ١.٠٠٠ | ٠.٦٧ |
| زمانی عەرەبی لە هۆکارە سەرەکیەکانی بێکار بوونە = X٨ | ١.٠٠٠ | ٠.٧٢٦ |
| بێکار بوونت کار دەکاتە سەر بڕیارت لەسەر هەڵبژاردنی ڕامیاری لە داهاتوو = X٢٥ | ١.٠٠٠ | ٠.٧٦٧ |
| لە هۆکارە سەرەکیەکانی بێکار بوونە  زمانی ئینگلیزی = X٩ | ١.٠٠٠ | ٠.٧٨٦ |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.**

**لە خشتەی (٢) بەهای باو** commununality **بۆ هەر گۆڕاوێك گەورەترە یان یەکسانە بە ٠.٥٠ کەواتە ئەو گۆڕاوانە دەمینینەوە لە شیکردنەوەی هۆکاری.**

**٤.أ- لە شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان  مەرجە کە پێوەری** Kaiser-Meyer-Olkin **بۆ تێربوونی نموونەکە** ( Sampling Adequacy ) **گەورەتربێت لە ٠.٥٠ بۆ هەر گۆڕاوێك.** ( Amy, John, Jennifer, Schuyler, Gray, and Shelley, ٢٠١٣,٤ ) و ( Tomas, ٢٠١٢, ٢٨ ).

**خشتەی (٣):** KMO and Bartlett’s test

| KMO and Bartlett's Test | | |
|---|---|---|
| Kaiser-Meyer-Olkin Measure of Sampling Adequacy. | | ٠.٧١٤ |
| Bartlett's Test of Sphericity | Approx. Chi-Square | ٥٧٠.٧٠٥ |
| | Df | ١٧١ |
| | Sig. | ٠.٠٠٠ |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.**

**لە خشتەی (٣) بەگشتی** MSA ( Kaiser-Meyer-Olkin Measure of Sampling Adequacy. ) **بۆ هەر گۆڕاوێکیان دەکاتە ٠.٧١٤ ئەمەش گونجاوە لەکاتێك مەرجە کە بچوکترین نرخ دەبێت ٠.٥٠ بۆ تێکڕای** MSA. **کەواتە ١٩ گۆڕاو دەمێنێتەوە لەناو شیکردنەوە بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی هۆکاری.**

**٤.ب- مەرجە لە شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان  ئەگەری پەیوەستی** ( probability associated ) **لە** ( Bartlett's Test of Sphericity ) **کەمتربێت لە ئاستی کاریگەری** ( significance level ). **لەبەرئەوەی پەیوەندی لە تاقیکردنەوەی بارتلێت ٠.٠٠١ بچوکترە لە ٠.٠٥ کە ئەمەش  گریمانەی** ( H١ ) **جێ بەجێ دەکات. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەم مۆدێلە باشە بۆ شی کردنەوەی هۆکار بەگوێرەی ئەم گریمانەی خوارەوە:**

$H_0$ = **مۆدێلەکە باش نی یە بۆ شی کردنەوەی هۆکاری**

$H_1$ = **مۆدێلەکە باشە بۆ شی کردنەوەی هۆکاری**

**٢-٥. هەڵبژاردنی ژمارەی هۆکارەکان** ( Choosing the number of factors )

**هەلبژاردنی ژمارەی هۆکارە باوەکان زۆر گرنگە کە بریتین لە دوو ڕێگە. یەکەم بریتیە لەوەی کە وێنەیەك دەکێشین لە نێوان (j, λj) کە پێی دەگوترێت وێنەی "scree plot" وە جەخت لەسەر ئەو شوێنە دەکەین کە وێنەکە بەرەو تەختی (flat) دەچێت. وە ڕێگەکەی تر بۆ هەڵبژاردنی ژمارەی هۆکارەکان بریتی یە لە [ (Kaiser ١٩٦٠)(Kaiser Criterion) ] لێرەدا هۆکاری j زۆر گرنگ دەبێت کاتێك نرخە جیاکراوەکان (Eigen Values) گەورەتربێت لە ١. ئەگەر ژمارەی هۆکارە هەڵبژێردراوەکان بە ڕێگای "scree plot" یەکسان بوو بە ژمارەی هۆکارەکان بە ڕێگای (Kaiser Criterion) ئەوا بەرداوام دەبین لە شیکردنەوەکەمان بەڵام ئەگەر یەکسان نەبوون ئەوا یەکیك لەم دوو ڕێگەی باسمان کرد بەکاردەهێنین بۆ هەلبژاردنی ژمارەی هۆکارەکان. (Neli,٢٠٠١٧, ٤٤٥) و (Markela, Llukan, and Klodiana, ٢٠١٣,٣) و (Alvin, ٢٠٠٢, ٤٢٦) و (John, ٢٠١٥, ٢٧٠).**

**خشتەی (b-٥) نیشانی ئەوەدەدات کە هیچ لە گۆڕاوەکان کیشەی ئاڵۆزی پەیکەربەندی complex structure نی یە.**

**کەواتە پێویست ناکات هیچ گۆڕاوێکی تر لابدەین.**

٢-٥-١. **پێوەری کایزەر** Kaiser Criterion

**باوترین ڕێگە بۆ بنچینەی نرخە جیاکراوەکان (Eigen Value) بریتی یە لە پێوەری کایزەر (Kaiser Criterion) کە تەنها ئەو هۆکارانە لە شیکردنەوەکە دەمێننەوە کە (Eigen Value) گەورەترە لە ١.**

**جیاوازی هۆکارەکە چەندە بۆ مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن لە هۆکارێك؟ باوترین هۆکاری بەکارهاتوو لە پێوەری کایزەر (Kaiser Criterion)، کە دەڵێت پێویستە هۆکارەکان بمێننەوە ئەگەرهاتوو بەهای (Eigen Value) گەورەتر یا یەکسان بوو بەیەك. دەرهێنانی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، وەکو PCA، کە جیاوازیەکەی ئەژمارکراوە، هەر توخمێك (item) یەك یەکەی جیاوازی هەیە. ئەگەر یەك پێکهاتە بتوانێت ١٠٠٪ی جیاوازی هەموو توخمەکان (item) روون بکاتەوە، ئەوا (Eigen Value)ی ئەو پێکهاتە یەکسان دەبێت بەکۆی ژمارەی توخمەکان (item). هۆکاری هەبوونی پێوەری کایزەر (Kaiser Criterion) بریتیە لەوەی کە پێکهاتەکە (Eigen Value) ێکی هەیە گەورەترە لە یەك بۆ جیاوازیی زیاتر هۆکارێك. ئەو پێشنیارانە دەستکەوتن بۆ ئەو پێکهاتانەی ئەو توخمانە (item) ی هۆکارێك یا پێکهێنەرێك. هەرچۆنێك، ئەوە تەنها راستە کاتێك ئەگەر هەر توخمێك (item)ی یەك جیاوازی دروست بکات. ئەوە رووندەکاتەوە کە پێوەری کایزەر (Kaiser Criterion ) تەنها لەوکاتە بەکاردێت کە PCA کۆی گشتی جیاوازیەکەی بۆ هۆکارە دوورخراوەکان. (Alvin, ٢٠٠٢, ٣٩٦) و ( Amy, John, Jennifer, Schuyler, Gray, and Shelley, ٢٠١٣,٧ ).**

**خشتەی (٤): رونکردنەوەی جیاوازی گشتی بۆ پێکهاتە سەرەکیەکان بۆ پێش و پاش خولانەوە**

| Total Variance Explained | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Compone | Initial (Eigen Value) s | | | Extraction Sums of Squared Loadings | | | Rotation Sums of Squared Loadings | | |
| | Total | % of Variance | Cumulative % | Total | % of Variance | Cumulative % | Total | % of Variance | Cumulative % |
| ١ | ٣.٥٤٩ | ١٨.٦٧٦ | ١٨.٦٧٦ | ٣.٥٤٩ | ١٨.٦٧٦ | ١٨.٦٧٦ | ٢.٤٥٢ | ١٢.٩٠٥ | ١٢.٩٠٥ |
| ٢ | ٢.٥١١ | ١٣.٢١٧ | ٣١.٨٩٤ | ٢.٥١١ | ١٣.٢١٧ | ٣١.٨٩٤ | ٢.١٩٣ | ١١.٥٤٠ | ٢٤.٤٤٦ |
| ٣ | ١.٨٩٩ | ٩.٩٩٥ | ٤١.٨٨٨ | ١.٨٩٩ | ٩.٩٩٥ | ٤١.٨٨٨ | ١.٩٧٤ | ١٠.٣٨٩ | ٣٤.٨٣٥ |
| ٤ | ١.٣٤٨ | ٧.٠٩٥ | ٤٨.٩٨٣ | ١.٣٤٨ | ٧.٠٩٥ | ٤٨.٩٨٣ | ١.٩٢٤ | ١٠.١٢٥ | ٤٤.٩٦٠ |
| ٥ | ١.٢٠٨ | ٦.٣٦٠ | ٥٥.٣٤٣ | ١.٢٠٨ | ٦.٣٦٠ | ٥٥.٣٤٣ | ١.٧٨٠ | ٩.٣٦٨ | ٥٤.٣٢٨ |
| ٦ | ١.٠٩٠ | ٥.٧٣٨ | ٦١.٠٨١ | ١.٠٩٠ | ٥.٧٣٨ | ٦١.٠٨١ | ١.٢٨٣ | ٦.٧٥٣ | ٦١.٠٨١ |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.**

**خشتەی (٤) بریتیە لە نیشاندانی ڕێژەی جیاوازی بۆ یەکەم رونکردنەوە لەگەڵ هەموو هۆکارەکان بەیەکەوە، وە تەنها بۆ پێش و پاش خولانەوەی هۆکارەکان. ئەنجامەکە ئەوە نیشان دەدات کە یەکەم ٦ باوترین هۆکار بە ڕێژەی (٦١.٠٨١٪) کە جیاوازی گشتی روون دەکاتەوە وە ئەمەش ڕێژەیەکی تەواو گونجاوە. پاش ڕێگای خولانەوە ئەم ڕێژە نەگۆڕاوە بەلام ڕێژەی رونکردنەوە بۆ هەر هۆکارێك لە ناو ٦ هۆکارەکە گۆڕاوە. بە تایبەتی ڕێژەکان گۆڕاون بەشێوەیەکی ریزکراو بۆ کەم کردنەوەی جیاوازی لە نێوانیان پاش خولانەوەکە.**

**٢-٥-٢. پێوانەی نیشاندانی هێڵکاری** (Scree Plot)

**پێوانەی نیشاندانی هێڵکاری بریتیە لە ڕێگایەکی وێنەیی بۆ دیاری کردنی هۆکارەکان بە پارمەتی** (Eigen Values). **تەوەری ئاسۆیی (س) گوزارشت لە هۆکارەکان دەکات وە تەوەری ستونی (ص) گوزارشت لە** (Eigen Values) **دەکات. یەکەم پێکهاتە گەورەترین جیاوازی هەیە چونکە بەرزترین** (Eigen Value) **ی هەیە کە (١٢.٩٠٥).نرخە جیاکراوەکان** (Eigen Values) **بە بەردەوامی ئەنجامەکەی کەم دەبێتەوە لە شێوەکە، کە بەزۆری پێی دەگوترێت شێوەی باڵ** "elbow". **ئامانجی شێوەکە بۆ زانینی ژمارەی هۆکارەکانە کە تەنها ئەو هۆکارانە هەڵدەبژێردرێت پێش ئەوەی چەماوەکە دەستبکات بە چەمانەوە بچەمێتەوە لە شێوەی باڵ** "elbow". (Alvin, ٢٠٠٢, ٣٨٩) و (Chatfield and Collins, ١٩٨٠, ٢٨٦) و (Richard and Dean, ٢٠٠٧, ٤٥٤).

**شێوەی (١): پێوانەی نیشاندانی هێڵکاری بۆ شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان**




**شێوەی (١) گوزارشت لە هەمان ئەو ئەنجامانە دەکات کە لە خشتەی (٤) بۆمان دەرکەوت و بریتی یە لە ٦ هۆکار کە نرخی جیاکراویان** (Eigen Value) **گەورەترە یان یەکسانە بە یەك.**

خشتەی (٥): هۆکارە پوختکراوەکان بە ڕێگەی پێکهاتە سەرەکیەکان پێش و پاش خولانەوە.

| A | Component Matrix | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | Component | | | | | |
| | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
| X22 | 0.64 | | | | | |
| X14 | 0.63 | | | | | |
| X20 | 0.6 | | | | | |
| X23 | 0.59 | | | | | |
| X12 | 0.54 | | | | | |
| X10 | 0.54 | | | | | |
| X16 | 0.53 | | | -0.41 | | |
| X18 | 0.46 | | | | -0.43 | |
| X21 | 0.46 | | | 0.43 | 0.45 | |
| X13 | | 0.61 | | | | |
| X9 | | 0.61 | -0.5 | | | |
| X1 | | 0.56 | | | | |
| X3 | | 0.47 | 0.44 | | | |
| X8 | | 0.44 | -0.63 | | | |
| X6 | | 0.43 | 0.49 | | | |
| X5 | | | 0.4 | 0.56 | | |
| X17 | | | 0.4 | -0.46 | | |
| X25 | 0.4 | | | | | 0.67 |
| X7 | | 0.42 | | | | 0.5 |

| B | Rotated Component Matrix | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | Component | | | | | |
| | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
| X21 | 0.76 | | | | | |
| X23 | 0.74 | | | | | |
| X22 | 0.63 | | | | | |
| X20 | 0.55 | | | | | |
| X9 | | 0.84 | | | | |
| X8 | | 0.78 | | | | |
| X13 | | 0.64 | | | | |
| X5 | | | 0.78 | | | |
| X6 | | | 0.74 | | | |
| X1 | | | 0.61 | | | |
| X3 | | | 0.53 | | | 0.42 |
| X18 | | | | 0.7 | | |
| X10 | | | | 0.66 | | |
| X14 | | | | 0.51 | | |
| X17 | | | | | 0.77 | |
| X16 | | | | | 0.65 | |
| X12 | | | | | 0.52 | |
| X7 | | | | | 0.51 | |
| X25 | | | | | | 0.82 |

سەرچاوە: ئەنجامدانی توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسیارەوە.

**خشتەی (٥) بریتیە لە نیشاندانی پەیوەندی گۆڕاوەکان و ڕۆڵیان لە ڕونکردنەوەی گۆڕاوەکان لە خولانەوەی پێش و پاش دوورخستنەوەی هۆکارەکان. خشتەی (a-٥) بریتیە لە ڕاپۆرتی بارەکە پێش خولانەوە وە یەکەم پێکهێنەر کە بەرزترین سەنگی (Loading) هەیە بۆ گۆڕاوەکانی{X٢١, X١٨, X١٦, X١٠, X١٢, X٢٣, X٢٠, X١٤, X٢٢} لە هەمان کاتدا خشتەی (b-٥) گوزارشت لە ڕاپۆرتی بارەکە (حالەتەکە) پاش خولانەوە دەکات.**

**بەگوێرەی ئەم خوێندنە بۆ پەیوەندی لە نێوان ژمارەکان بۆ گۆڕاوە چینییەکان (پۆلیەکان) ئامانجی ڕێگەی شیکردنەوەی هۆکاری** factor analysis **لە دۆزینەوەی پێکهاتەی** anomalies **بو** communality composed **بۆ ژمارەی (**p**) لە گۆڕاو وە ژمارەیەکی گەورە لە قەبارەی نموونەکە. کە بریتیە لە کەمکردنەوەی ژمارەی گۆڕاوەکان بۆ چەند گۆڕاوێکی کەمتر کە پێیان دەگوترێت هۆکارەرەکان. بەشێوەی گشتی بۆ ئەم توێژینەوە ڕێگەی** PCA **بەکارهێندراوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان لەگەڵ خولانەوەی** Varimax **بە یارمەتی پرۆگرامی** SPSS.

**تێبینی بۆ یەکەم پێکهێنەر** component **کە مەزنترین بایەخی هەیە بۆ ڕونکردنەوە لە هۆکاری دانەمەزراندنی قوتابیەکان کە (١٢.٩١٪) لە جیاوازی گشتی ڕوون دەکاتەوە کە پێك دێت لە کۆمەڵە گۆڕاوێك کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەکە وەکو بێکاری ڕێگرە لە هاوسەرگیری (X٢١) و بێکاری لەوانەیە هانی بێکار بدات بۆ کاری نایاسایی (X٢٣) و بێکاربوون کاریگەری**

**نەرێنی دەرونی هەیە (X۲۲) و بێکاری کێشەیەکی جیدیە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردی و لاوان بەتایبەت دەبێتەوە (X۲۰) یەك لەدوای یەك. دووەم پێکهێنەر component کە (٪۱۱.٤٥) لە جیاوازی گشتی ڕوون دەکاتەوە کە پێك دێت لە کۆمەڵە گۆڕاوێك کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەکە وەکو زمانی ئینگلیزی (X۹) و زمانی عەرەبی (X۸) و زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەگوێرەی داوای کۆمپانیاکان (X۱۳) یەك لە دوای یەك.**

**سێیەم پێکهێنەر component کە (٪۱۰.۳۹) لە جیاوازی گشتی ڕوندەکاتەوە کە پێکدێت لە کۆمەڵە گۆڕاوێك کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەکە وەکو ئەوەی لە کۆلیژ خوێندوتە لەگەڵ داواکاری بازار ناگونجێت (X٥) و نەگونجانی هەلی کار لەگەڵ پسپۆڕی هۆکاری بێکاربوونە (X٦) و نزمی ئاستی کرێ (X۱ ) و نەبوونی سەرمایە (X۳) یەك لە دوای یەك. چوارەم پێکهێنەر component کە (٪۱۰.۱۳) لە جیاوازی گشتی ڕوندەکاتەوە کە پێك دێت لە کۆمەلە گۆڕاوێك کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەکە وەکو نەبونی واستە و ناسیاو (X۱۸) و هاتنی ئاوارە وە هەروەها کەسانی بێگانە (X۱۰) و بێ بەڵێنی حکومەت بەرامبەر هەلی کار لەکەرتی گشتی و تایبەتی (X١٤) یەك لە دوای یەك.**

**پێنجەم پێکهێنەر component کە (٪۹.۳۷) لە جیاوازی گشتی ڕوندەکاتەوە کە پێك دێت لە کۆمەلە گۆڕاوێك کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەکە وەکو سەنتەری هۆشیارکردنەوەی بێکاران و بلاوکردنەوەی زانیاری هەلی کار چالاك نین (X۱۷) و لەبەر ئەوەی پێشتر هەلی کار زیاتر بوو لە کەرتی میری و لە ئێستاش میری کاری بەو هەموو ژمارە فەرمانبەرانە نیە (X١٦) وە ناچالاکی کارکردنی کەرتی تایبەت لە ناوچەکەدا (X۱۲) و بەشداری نەکردن لە خولی ڕاهێنان (X۷) یەك لە دوای یەك. لە کۆتاییدا شەشەم پێکهێنەر component کە (٪٦.۷٥) لە جیاوازی گشتی ڕوندەکاتەوە کە پێك دێت لە گۆڕاوێك کە کاریگەری هەیە لەسەر دیاردەکە بێکار بوونت کار دەکاتە سەر بڕیارت لەسەر هەڵبژاردنی ڕامیاری لە داهاتوو (X۲٥).**

**۲-٦. خستنەڕوو و شیکردنەوەی هۆکارەکان:**

**لەم بەشەدا هەڵدەستین بە شرۆڤەو شیکردنەوەی هۆکارەکانی کە کاریگەریان هەبووە لەسەر بێکاربوونی ئەو کەسانەی کە وەڵامی فۆڕمی ڕاپرسیەکەیان داوەتەوە. وە بۆ ئەمەش هەڵدەستین بە پشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٥) کەتێیدا دوای پاکتاوکردنی هۆکارەکانی بێکاری بەسڕینەوەی ئەو هۆکارانەی کە کارتێکردنی راستەقینەیان نەبوو لەسەر دیاردەکە و هێشتنەوەی تەنها ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن و بە گوێرەی گرنگی ڕێژەییان ریزکراون. ئەو ریزکردنەیان بەگوێرەی گرنگی ڕێژەییان یارمەتی دەرمان دەبێت بۆ درك کردن بە چەندێتی کاریگەریان لەسەر دیاردەی بێکاربوونی دەرچوان.**

**لەخشتەی ژمارە (٥) دا تێبینی ئەوە دەکەین کە هەندێك هۆکار سەرەڕای ئەوەی کە بەهاکانیان بەرزتریشە بەڵام لە ریزکردندا لە ئاستێکی نزمتر داندراون. وە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو هۆکارانەی کە لە ژێر پێکهێنەری (۱) داندراون کاریگەریان زیاترە لە ئەوانەی لە پێکهێنەری (۲)ـن ...هتد.**

**۱- کاریگەری بێکاری لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری X۲۱:**

**بێگومان پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستی بە داهاتێکی بەردەوام و بەبڕێکی وا کە بەشی بەردەوامی ژیانی خێزان بکات. دەستنەکەوتنی کار بەهەر هۆکارێك بێت بێگومان کاریگەریەگی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە هیچی لە ئابووری و ڕامیاریەکەی کەمترنیە. مەترسی ئەو دیاردەیە تەنها لە پێش دۆزینەوەی هەلی کارنیە بەڵکو لەدوایشیدا لەکاتی لەدەستدانی کار یا زۆر نزمی بڕی داهاتەکە بەشێوەیەك بەشی پێداویستیە سەرەکیەکان نەکات لەوانەیە ببێتە هۆی لێکجیابوونەوە کە ئەوەش بێگومان چارەسەری کێشەکە ناکات بەهۆی ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتیانەی تر کە خۆی بە پچڕانی شیرازەی خێزان و بێسەرپەرشت بوونی منداڵ و چەندین کێشەی تر دەنوێنێت.**

**ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە کە ئەو هۆکارە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەپێشەنگی هەموو لێکەوتەکانە. کە ئەوەش ئەوە دەنوێنێت کە پرۆسەی هاوسەرگیری لەپلانە هەرە لەپێشەکانی دەرچوانی زانکۆیە بەتایبەت بۆ کوڕان کە بارگرانی پرۆسەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەوانە. هەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی بەردەوام شتی زۆری پێویستە بۆ بەردەوامی پرۆسەکە.**

**۲- کاریگەری بێکاربوون لەسەر ئەنجامدانی کاری نایاسایی X۲۳:**

ئەم بارەیان هەم زۆر گرنگە و هەم زۆریش پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و شرۆڤەش بکرێت، بە جۆرێك بەر لە هاتنەکایەوەی هەر بارێکی نەخوازراو پێویستە هەوڵی بەرپێگرتنی بدرێت. با لەسەرەتادا بەشێوەیەکی زۆر سادە هەندێك پێشبینی زۆر سادە بخەینەڕوو کە بەشێوەك لە شێوەکان ئەنجامەکەی روونە. بۆ نموونە لەوانەیە کەسێك کە بێکاربێت لە خودی خۆیدا هانبدرێت بۆ ئەنجامدانی کاری نایاسایی وەکو دزی کردن. کە بێگومان ئەو دیاردەیە کاریگەری تری بە زۆر رەهەند لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە هەیە. بۆ نموونە لە لێکەوتە ئابووریەکانی بریتیە لەوەی میری لەسەری پێویستە پۆلیسی زیاتر دابمەزرێنێت و پێویستی بە بەندیخانەی زیاتر بە هەموو پێداویستیەکانیەوە دەبێت وە هەروەها لەوانەیە پێویستی بە نەخۆشخانەی زیاتر بۆ چارەسەری قوربانی لەکاتی هەبوونی قوربانی ئەمە جگە لە لایەنی دادگا و چەندین بواری تر کە ئەمانە هەموویان بارگرانین لەسەر بودجەی گشتی میری. وە لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەریەکانی کەمترنیە بەوەی کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس لەنێو خەڵکیدا و هەروەها دروستبوونی کێشەکۆمەڵایەتیەکان لە نێوان ئەنجامدەری تاوان و قوربانی تاوان. سەرەڕای ئەوانە لەوانەیە کەسی بێکار پاڵبپێوەبندرێت و زۆری لێبکرێت بۆ ئەنجامدانی کاری نایاسای بەرامبەر بەبڕێك پارە کە بێگومان لە کۆتایدا زۆر دەرهاویشتەی تری نەرێنی دەبێت.

**٣- بێکاری و کاریگەری نەرێنی لە سەر لایەنی دەرونی X٢٢:**

بێکاری لەگەڵ لێکەوتە ئابووری و رامیاریەکانیشدا لێکەوتەی لایەنی تەندروستیشی هەیە بەنموونە لایەنی دەروونی ئەو کەسەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێت، کە بێگومان ئەو کاریگەریەی نەرێنیە و یەکێك لە لێکەوتەکانی ئەو لایەنە دەروونیەش بریتیە لە لایەنی چوستی چالاکیە ئابووریەکانی ئەو کەسە بە تایبەت ئەگەر کەسەکە بەشێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارەکەدا نەکات. ئەو کاریگەریە دەروونیە ئەگەر لایەنە نەرێنیەکەی زۆر بەهێزبێت لەوانەیە کەسەکە بەرەو جۆرێك لە هەڵس و کەوتی ناپێویست ببات کە لە کۆتایی دا ببێتەهۆی بە تەواوی تێچوونی کەسەکە، کە ئەوە بەفیڕۆچوونێکی تەواوی بەلایەنی کەم کەسێکە بۆ کۆمەڵگا. بۆیە پێویستە ئەو لایەنە دەرونیە لەبەر چاو بگیرێت و هەوڵی چارەسەری بەپەلەو پێویستی بۆ بدرێت. بۆ نموونە دابینکردنی بیمەیەکی بێکاری تارادەیەك گونجاو کە بەلایەنی کەم بەشی کەمترین ئاستی بژێوی ژیانی بکات و هەروەها بەشداری پێکردنی کەسە بێکارەکە بەخولی بەهێزکردن بۆ ئەوەی پەرە بەلایەنی تواناکانی بدرێت بۆ کار بەشێوەیەکی باشتر ئامادە بکرێت.

**٤- بێکاری وەکو کێشەیەکی جیدی کە رووبەرووی کۆمەڵگە و لاوی کورد دەبێتەوە X٢٠:**

بێگومان بێکاری لەو جۆرە کێشە زۆر جیدیانەیە کە بەرۆکی هەموو وڵاتانی جیهانی بەرێژەی جیاواز گرتووە، جا ئەو وڵاتانە پێشکەوتوو یا کەمتر گەشەسەندوبن. هەرێمی کوردستانیش لەو دیاردەیە بێبەش نیە بەتایبەت لە رۆژگاری ئەو رۆماندا بە هۆی ئەو هەموو کێشە رامیاری و ئابووریانەی کە بەرۆکی هەرێمیان گرتووە جا بەشێوەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ و کەم یا زۆر کاریگەری لە هەموو لایەك کردووە. بە تایبەت لە کاتێکدا هەموو پرۆژەکانمان پەکیان کەوتووە و پارەدار کردنی پرۆژە تایبەت و گشتیەکان ئەگەر تەواویش نەوەستابێت ئەوا زۆر هێواشە. بۆیە لاوی دەرچووی ئەمرۆ لە هەموو لایەکەوە گرفتارە، ئەوها ئاسان نیە کە بتوانێت هەلێکی کار بە ویستی خۆی و لەگەڵ پسپۆریەکەی بگونجێت دەست بخات. و بەهۆی وەستانی یا زۆر سستی تەواوی پرۆژە گشتی و تایبەتیەکانیش ئەوا کۆمەڵگەی کوردی رووبەرووی کێشەی بێکاری لە ئاستێکی فراوان بویتەوە و پێویستی بە کار لەسەر کردنێکی زۆر راستەقینە هەیە.

**٥- زانینی زمانی ئینگلیزی X٩:**

بێگومان زانینی زمان هۆکارێکی زۆر سەرەکیە بۆ دەستکەوتنی کار لە هەموو جیهان بەگشتی وە لە کوردستان بەتایبەتی، بە شێوەیەك زۆر جار لەوانەیە ببێتە لەمپەر لەبەردەم ئەو کەسەی کە هەوڵی دەستخستنی کار دەدات. لە توێژینەوەکەمان زانینی زمانی ئینگلیزی لە هۆکارە پێشەنگەکاندایە بەبەراورد بە هۆکارەکانی تر. بەهۆی ئەو بەرفراوانبوونەی کە بەو ساڵانەی دوایی کوردستانی گرتەوە وای کرد کۆمپانیا نیشتیمانیەکان ناچاری ئەوە بن کە بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە پێداویستیەکانی ئەوان پڕبکاتەوە کە یەکێك لەوانە زانینی زمانی ئینگلیزیە. کە نەزانینی زمان لەوانەیە بە لایەنی کەم لە دوولا لە بەرژەوەندی کۆمپانیا بدات یەکەمیان دەبێتە هۆی سەرنەگرتنی رێکەوتنەکانی بەباشترین شێوە دووەمیش ئەگەر بڵێین کۆمپانیاکە بڕیاریش بدات تێچوونی فێربوونی زمانی ئینگلیزی کەسەکە بگرێتە ئەستۆش ئەوا هەم تێچوونە و هەم کات بەفیڕۆدانیشە.

**٦- زانینی زمانی عەرەبی و پەیوەندی بە دۆزینەوەی کار X8:**

**دوبارە و بەهەمان شێوەی زانینی زمانی ئینگلیزی، زمانی عەرەبیش لە ڕۆژگاری کار و ژیانی ئەمرۆماندا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە دەستخستنی کاردا. بەداخەوە ئەوەی ئێستا بەگشتی بەهەمان شێوەی زمانی ئینگلیزی بەدەست نەزانینی زمانی عەرەبیش گیرۆدەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تا ڕاددەیەك لەوەی ئینگلیزی کەمتر. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەم تا زۆر زانینی زمانی عەرەبیە لەلایەن کەسە گەورەکانی ئەندامانی خێزان ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەو شارەی ئێمە تێیدا دەژین تێکەڵە بە زۆریك لە نەتەوەی تری لەوانەش عەرەب بەهۆی ئەو تێکەڵیەوە وای کردووە کە زۆر لە کورد زمانەکان کەم یا زۆر فێری زمانی عەرەبیش بن. کە لەوانەیە ئەم هۆکارە وای لە وڵامدەرەوان کردووە کە بەلایانەوە زمانی ئینگلیزی گرنگتربێت لە زمانی عەرەبی. جگە لەمە لەوانەشە لەبەر ئەوەش بێت کە کاتێك پێشکەشی کارێکیان کردبێت لە کۆمپانیاکان هەردەم بایەخی زیاتریان بە زمانی ئینگلیزی دابێت.**

**٧- کەمی زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەگوێرەی خواستی کۆمپانیاکان X13:**

**بێگومان لە ڕۆژگاری ئەورۆماندا بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بووەتە پێویستیەکی ڕۆژانە جا چ لە سەر ئاستی تاکەکەس یا کۆمپانیاکانیش بێت. بە تایبەت بەگوێرەی پێداویستی پرۆژەکان و جۆری کارەکانیان وای کردوە هەندێك جۆرە لێزانینی تایبەت پێویست بێت بۆ ئەوەی کارەکانی پرۆژەی پێ ڕاپەڕێ بکرێت. بۆیە نەزانینی ئەو شێوازە بەکارهێنانەی کە کۆمپانیاکان داوای دەکەن لەوانەیە ببێتە هۆی پێدانی هەلی کەمتری کار بۆ ئەوانەی کە پێشکەشی هەلی کاری ڕەخساو لە کۆمپانیاکادا دەکەن.**

**٨- نەگونجانی ئەو بابەتانەی لە کۆلێژ خوێندراون لە گەڵ داواکاری بازاڕ X5:**

**ئەو بابەتانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان و یان هەر سەنتەرێکی تری زانستی دەخوێندرێك زۆر زۆر گرنگە کە لەگەڵ پێداویستی بازاڕ بگونجێن، ئەگەر ئەو بابەتانە لە خوێندنەوە بۆ بازاڕی کارەوە سەرچاوەیان گرتبێت ئەوا ئەو کارە زۆر ئاسان دەکات. چونکە ئەگەر بێت و لە بازاڕ سەرچاوەی گرتبێت کاتێك کە کێشەی تێکەوت یا تەگەرەی هاتە بەردەم ئەوا لە ڕێگەی پێداچوونەوەکردن بە تێچوویەکی کەمی ڕێژەیی لەوانەیە ئەو کارەمان بۆ بکات. بەڵام ئەگەر بابەتەکان لەسەر ئەو بنەمایە دانەندرابن یاخود بەشێوەیەکی ڕێژەیی ماوەیەکی زۆربێت داندرابن ئەوە بەڕاستی کێشەیەکی قوڵە و چارەسەریشی هێندە کارێکی ئاسان نیە و بە ریفۆرمێکی تۆکمە دەکرێت ئە نجامبدرێت.**

**ئەو بابەتانەی کە لە زۆر بەی زانکۆکانی هەرێم دەخوێندرێت بە دەست کۆنیان دەناڵێنن هەرچەندە ئەو بابەتانە لەسەرەتای دانانیاندا لە وانەیە بۆ ئەو کات زۆر شتێکی باش و کارا بوبێت بەڵام بە هۆی کێشە یەك لەدوای یەکەکانی کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕیوە بەتایبەت هەرێم وای کردووە نوێکردنەوە و بەرەو پێشبردنیان تا ڕاددەیەکی زۆر هێواش بێت سەرەڕای هەموو ئەوانەش نەبوونی وانەی پڕاکتیکی لە پاڵ وانە تیۆریەکان کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر توانایان زیاتر دەکات ناتوانن باشتر خۆیان لەگەل بازاڕی کاردا بگونجێنن. بۆیە ئەم کێشەیە لە ئەورۆدا یەکێکە لە تەگەرەکانی بەردەم تازە دەرچوان کە زۆرجار گیرۆدەی دەستی تێکنەکردنەوەی ئەوەی خوێندویێتی لەگەڵ ئەوەی لە بازاڕ داوا دەکرێت بکات، یانیش ئەوەی خوێندویەتی لەبازاڕ داواکراوە بەڵام بەهۆی کۆنی یا نەتوانینی جێبێجەکردنی لە بواری کارکردنیدا تووشی کێشەی دامەزراندنی بۆ دروست دەکات.**

**٩- نەگونجانی هەلی کاری پێشنیارکراو لەگەڵ پسپۆری X6:**

**یەکێکی تر لە هەرە گەورەترین  تەگەرەکان لە بەردەم ئەو تازە دەرچوانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن تێکنەکردنەوەی پسپۆریە لەگەڵ ئەو هەلی کارانەی کە بۆی دەخرێنەڕوو. لەوانەیە زۆر هۆکار لە پشتی ئەو گرفتەوە بن لەوانە بە نموونە دووری زانکۆکانمان یا لاوازی پەیوەندی زانکۆکانمان بە چۆنیەتی و چەندێتی پێداویستیەکانی بازاڕی کارمان کە بێگومان ئەوە کاریگەری نەرێنی دەکاتە وێناکردن و تێگەیشتنی ئەو کێشەیە و لەهەمان کاتدا چۆنیەتی چارەسەرکردنیشی.**

**وە ئەو هەلی کارانەی کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەخرێنەڕوو زۆرجار لەوانەیە لەگەڵ پسپۆری ئەو دەرچووەی زانکۆ نەگونجێت کە قوتابیەکە لە زانکۆ خوێندوویەتی. بێگومان ئەوەش لەوانەیە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ دەست نەکەوتنی هەلی کار. دەتوانین ئەوە بە ئاسانی لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٣ بۆ داخواست لەسەر ژمێریار و مامۆستای زانکۆ هەست پێبکەین. وە هەندێك جۆریش لە پسپۆری لەوانەیە بازاڕ ئەوەندە پێویستی پێنەبێت نەك لەبەر ئەوەی ئەو پسپۆریە گرنگ و پێویست نیە بەڵکو هەڵکەوتە و پەیکەری**

**ئابووری هەرێمەکەمان ئەوەی سەپاندووە. بۆ نموونە زۆرجار دەرچووی بەشی ئابووری دەبینین کە گیرۆدەی دەستی ئەو بارەیە و ماوەیەکی زۆر زیاتری لە دەرچویەکی بەشی ژمێریاری پێویستە بۆ دەستخستنی کارێك یانیش هەردەستی ناکەوێت.**

**١٠- نزمی ئاستی کرێ و بێکاربوون X1:**

**کاتێك کە کەسێك بڕیاری کارکردن دەدات ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی کرێ لە کلیلە یەکەمەکانە لە بابەتەکەدا، بەشێوەیەك وە لە هەر شوێنێك بێت ئەوا یەکێك لە گرینگترین شتەکان کە لێی بڕوانێت کرێیە. ئەگەر بێتو بڕی کرێ تەواو نائومێدی بکات ئەوا لەوانەیە لە بڕیاری کارکردن پەشیمان ببێتەوە. وە هەندێك جاریش وا دەبێت بەخوێندنەوەی هۆکاری تر سەرەڕای نزمی ئاستی کرێش ئەوا وا دەکات کەسەکە بڕیاری دەست کردن بە کارێك بدات. بەلأم لەگەڵ هەموو ئەوانەش بەزۆری هەردەم ئەو کەسەی بەدوای کارێکدا دەگەڕێت کە کرێکەی بەرزە. بۆیە ئاستی کرێ ئەگەر هەردەم بەرزیش نەبێت و ئەگەر گرینگترین هۆکاریش نەبێت ئەوا هەردەم بە هۆکارێکی زۆر گرنگ دەمێنێتەوە لە بڕیاری دەست کردن بە هەر کارێك. وە هەروەها لە ئابووری هەرێمیش سەرەڕای هەبوونی ئەو رێکخراو و دەزگا میریانەی کە بەرگری لەمافی کارکار دەکەن بەوەی کە مافەکانیان نەفەوتێت و بەتایبەت کرێیەك کە بتوانێت ئاستی بژێویان دابین بکات. بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە تا ئێستا نەیان توانیبێت بەر بە چەوساندنەوەی کۆمپانیا و کارگەکان بگرن لە چەوساندنەوەی کارکارەکانیان بەمەش زۆرجار گەنجی تازە دەرچووی زانکۆ زۆر بەزەقی لە رووی مافە داراییەکانیەوە بچەوسێندرێتەوە.**

**١١- نەبوونی سەرمایە و بێکاربوون X3:**

**بێگومان هەبوونی سەرمایە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی بیرۆکەن و دەیانەوێت پرۆژەی تایبەت بەخۆیان هەبێت و سەربەخۆ کارێك بەرێوە ببەن. بەلأم بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٥ بە شێوەیەکی گشتی پارە بۆ ئەو جۆرە بیرۆکانە یەکجار کەمی کرد یا دەتوانین بڵێین هەرنەما. بەجۆرێك کە نەمانی ئەو جۆرە پارەدابینکردنانە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری کردۆتە سەر پاشەکشێی دروستبوونی بیرۆکەی تازە و هەروەها لەخۆڕانەدیتنی خاوەنبیرۆکە بۆ دەستکردن بەکارەکەی. ئەوەش لەلایەکی ترەوە دووبارە دەبێتەوە هۆی بێکاربوونی خەڵکی زیاتر و بارگرانی زیاتر لەسەر حکومەت و خانەوادەی کەسە بێکارەکەش.**

**١٢- نەبوونی واستە و ناسیاو وەك هۆکارێکی کارتێکەر لە دۆزینەوەی کار X18:**

**ئەم هۆکارە هەرچەندە لە ریزبەندیدا لە هۆکارە سەرەکیەکان نیە بەلأم بە گوێرەی هەڵسەنگاندنە ئاماریەکان کاریگەری هەیەو لە هۆکارە کارتێکەرەکانە. ئەو هۆکارە هەرچەندە لە کەرتی تایبەتیش کارایە بەلأم لەکەرتی میریدا کاراترە، بەشێوەیەك زۆر جار باسی ئەوە دەکرێك کە بەرێوەبەرێکی گشتی یا وەزیرێك زۆربەی ئەوانەی کە لە دەور و بەریدان لە خزم و کەس و کاری خۆیانن. ئەو دیاردەیە لەوانەیە زۆر لێکەوتەی نێگەتیفی هەبێت لەوانە کاردەکاتە سەر پێناسی ئەرکەکان (Job Description) لەدام و دەزگا میریەکان بەوەی کە کەسی نەشیاو لە ئەرکێك دادەندرێت کە لێی نازانێت و ئەمە دەبێتە هۆی تەرخانکردنی نادروستی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان کە لەوانەیە خودی ئەوکەسە نەشیاوە خۆی ببێتە قوربانی ئەو نارێك دابەشکردنی ئەرکانە بەوەی کە لەوانەیە لە کارێکی تر زۆر لێهاتووتربێت و بەرهەمداریشی زۆر بەرزتربێت بەلأم بەو هۆیەوە ئەو توانایە بەفیڕۆدەچێت. ئەمە لەلایەك لە لایەکی تریشەوە ئەو کەسە لەوانەیە ببێتە هۆی بەفیڕۆچوونی توانایەکی تری مرۆیی و بێکاربوونی کەسێکی تر.**

**١٣- هاتنی ئاوارە و کەسانی بیانی هۆکاری بێکاربوونن X10:**

**یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بێکاری هاتنی ئاوارە و ئەو بێگانانەی کە لەگەڵ کۆمپانیاکانیان دێنە ناو هەرێمەوە لەوانەیە ببنە کێبڕکێکاری کرێکاری ناوەخۆ. کە هۆکاری زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و زانینی کارەکان وە زۆربەی جار کەمی کرێی کارکردنیان دەبنە خاڵێکی بەهێز بۆ کێبڕکێکارەکانی کرێکارە ناوخۆییەکان و بردنەوەی هەلی کارەکان و بێکاربوونی گەنجی ناوەخۆیی بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان کە پرۆژە ناوخۆییەکان بەنزیکەیی تەواو پەکیان کەوتبوو. وە هەروەها شایەنی بیرخستنەوەشە کە بە هۆی یاسای وەبەرهێنان بە نموونە وەبەرهێنی بیانی ئازادە لە هێنانی ١٠٠٪ دەستی کاری بێگانە کە ئەمە بێگومان کاریگەری نەویستراو دەکاتە سەر بەکارخستنی دەستی کاری ناوەخۆ، هەرچەندە لە هەندێك باردا پرۆژەی بیانی حەز بەهەبوونی دەستی کاری ناوەخۆی لێهاتوو دەکات بەوەی کەتێچوونی لە هێنانی کرێکاری وڵاتی خۆی بۆ کەمبکاتەوە بەلأم بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی هەندێك جیاوازی وەکو توانا و پێویستی لە نێوان کرێکاری وڵاتی ئەو و هی ناوەخۆی هەرێم ئەو بوارەی پێنادات کە دیسانەوە ئەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەکەدا دەبێت بەوەی کە گەنجی خۆمان کەمتر هەلی دەستخستنی کاریان دەبێت. وە لەلایەکی تریشەوە ئەو ئازادکردنەوەی دووبارە ناردنەوەی ئەو پارەی کە دەستی دەکەوێت بۆ وڵاتی خۆی ئەوەش مەودای دووبارە**

**فراوانکردنی پرۆژەکانی لە هەرێم کەمتر دەکاتەوە ئەوەش لەبەر ئەوەی هیچ پاڵە پەستۆیکی یاسایی نیە وای لێبکات وەبەرهێنانی تر لەناو هەرێمدا بکات و هەلی کاری زیاتر برەخسێنێت، بەمەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەبێتە هۆی بێکاربوونی گە نجی زیاتر.**

**١٤- بێ بەڵێنی حکومەت لە دابینکردنی هەلی کار لە کەرتی گشتی و تایبەتدا X14:**

**یەکێك لەو ئامرازانەی کە ڕامیاریەکان وەکو سەرچاوەیەکی مسۆگەرکردنی دەنگی دەنگدەران لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن بەکاری دەهێنن بریتیە لە مسۆگەرکردنی دابینکردنی هەلی کار بۆ هاولاتیان. جا ڕاستی و دروستی بابەتەکە خۆی لە دوای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەبینێتەوە کە ئایا ئەو بەڵێنانە چەندە جێبەجێکراون. بێگومان بەهۆی هاتنەکایەوەی باری تازە و نەوەستاوی ئابوری وادەکات تێبینی سیاسەتکارەکان هەموو جار ڕاست نەبێت ئەگەرچی مەبەستیشیان بردنەسەری بەڵێنەکانیشیانبێت. وە لەلایەکی تریشەوە ئاساییە ئەو سیا تمەدارانەی کە لە حکومەتدان چەندە پشتیان بە داتا و زانیاری ورد بەستوە بۆ مسۆگەر کردنی بردنەسەری بەڵێنەکانیان وا دەکات سەرکەوتنیان لە بردنەسەری بەڵێنەکانیان ڕێژەیی بن. وە بەهۆی گەشە ئابووریەی کە لە ماوەی ٢٠٠٥-٢٠١٢ رووی لە هەرێمەکەمان کردبوو وای کردبوو هەلی کار زۆر بێت و سیاسە تمەدارەکان زۆر بەئاسانی بتوانن بەڵێنی کاردەستخستن بە هاولاتیانیش بدەن. بەلام وەلام دانەوەی قوتابیە تازە دەرچووەکان پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن ئەوە لەلایەك وە لەلایەکی تریشەوە لەوانەیە لەداهاتوودا بتوانین زۆر بەئاسانی تێبینی ئەوە بکەین کە کاتێك خەڵکی دەنگ بە ڕامیاریەکان بدەن بۆ مەبەستی حکومڕانی ئەوا بێگومان جەخت لەسەر رەخساندنی هەلی کار بکەنەوە.**

**١٥- ناچالاکی سەنتەرەکانی هۆشیارکردنەوەی بێکاران و بلاوکردنەوەی داتای تایبەت بە هەلیکار X17:**

**لەو هۆکارانەی کە بایەخێکی تایبەتی هەیە لە جیهانی ئابووری ئەوڕۆماندا سەنتەرەکانی تایبەت بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای تایبەت بە بێکاری و ئەو هۆکارانەی پەیوەندی دارن بەو دیاردەوە. وەلامدەرەوەکانی توێژینەوەکەمان دوپاتی ئەو راستیەدەکەنەوە و درککردنیان بە گرنگی ئەو جۆرە رێکخراو و دەستتانە بە گرنگ دەنرخێنن. هەرچەندە ئەو جۆرە رێکخراو و دەستانە لە کۆمەڵگەکەمان بوونی هەیە بەلام لەوانەیە تۆزێك ناچالاکی یا سستیان پێوە دیاربێت بەشێوەیەك لە ئاستی داخوازیەکانی بێکاراندا نیە. ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە بە لایەنی بێکاری بە پالپشتی وەزارەت و دەستە پەیوەندی دارەکان دەکرێت بەرەو پێشەوەچوونێکی باش و هەستپێکراو لە کارەکانیان بەدەست بهێنرێت.**

**١٦- زۆری فەرمانبەرانی کەرتی میری وەك هۆکارێك بۆ زیاتر بێکاربوونی تازە دەرچوان X16:**

**بە پێی بۆچوونی وەلامدەرەوەکانی ئەنکێتی ڕا پرسیەکەمان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەو کە هەبوونی فەرمانبەران بە برێکی زۆر وای کردووە کە شوێن بۆ دەچووە تازەکان تا رادەیەك گران بێت. بەجۆرێك لە زۆرجار لە توێژینەوەکاندا ئەوەشمان بەبەر چاو دەکەوێت کە کەرتی گشتی بەدەست بێکاری رووپۆش دەناڵێنێت کە مەبەست لەم بارەی بێکاری بریتیە لە هەبوونی کرێکارێکی زۆر یا فەرمانبەرانێکی زۆر بۆ کارێکی کەم یا بەشێوەیەکی تر کرێکارەکان بەرهەمداریان سفرە یا بە سالبە. ئەمەش بەهۆی ئەو دامەزراندنە زۆر و بێ پلانەی حکومەت دەگەرێتەوە کە هەلی دامەزراندنی کە کەرتی میری بۆ دەچووانی داهاتوو نەهێشتەوە. بێگومان ئەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر دروستکردنی هەلی کاری تازە بۆ دەرچووەکان لە کەرتی گشتی دروست بکات. وە هەروەها لە کەرتی گشتیدا کێشەیەکی تریشمان هەیە کە بریتیە لە هەبوونی فەرمانبەری بندیوار کە بێگومان ئەوانەش کاریگەری نەرێنیان لەسەر داخواستکردنی کرێکاری تازە لە کەرتی گشتی هەبێت. لە گرینگترین هۆکارەکانی راگرتنی خواست بریتیە لە نەبوونی بودجە بەشێوەیەك ئەو بودجەی کە هەیە بەشی مووچەی ئەو فەرمانبە نەکات کە ئێستا دامەزراون بۆیە ئەمەش وای کردووە میری داوای فەرمانبەری تازە نەکات.**

**١٧- ناچالاکی کەرتی تایبەت وەك سەرچاوەیەکی بێکاربوون X12:**

**کەرتی تایبەت لەگەڵ کەرتی گشتی دوو پێکهێنەری هەرەسەرەکی ئابووری هەموو ولاتێکن چالاکی هەردووکیان پێوەر و پێنوێنی زۆر پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئابووری. بە تایبەت کەرتی تایبەت کە دەکرێت لە رێگەیەوە بارقورسیەکی زۆر لەسەرشانی کەرتی گشتی لا ببردرێت، زۆر پێویستە ئەو کەرتە چالاکبێت و توانای لەسەرپێ وەستانی هەبێت هەتا تەنانەت کاتێك ئەگەر بکەوێتە تەنگژەش بە خێراترین ماوە بکەوێتەوە سەرپێ کە بێگومان ئەو شتەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ماوەیەکی زۆر هەیە. لە ئابووری ئێمە کەرتی گشتی رۆڵگێڕی سەرەکیە لە مەیدانەکەدا کە لە کاتی ئێستادا بە تایبەت ئەویش پاشەکشێیەکی زۆری کردووە. وە کەرتی تایبەت لە رابردووش و ئێستاشدا بەداخەوە نەبووەتە ئەو رۆڵگێرە سەرەکیە کە بتوانێت ببێتە جێگای رەزامەندی هاولاتیان و لێوەی بەدوای کاردا بەشێوەیەکی سەرەکی بگەڕێن. لە پێشتردا خەڵکی باوەری زیاتر بە کەرتی گشتی هەبوو بەبەراورد بە کەرتی تایبەت**

**ئەوەش لەبەر مسۆگەری بەردەوامی کاربوو لەو کەرتە ئەمە لەلایەك وە لەلایەکی تریشەوە خەڵکیش باوەڕی وابوو ئەو مووچەی کە لەکەرتی گشتی وەری دەگرێت هەرگیز نابڕێت و هەرگیز بیریشی لە کەمکردنەوەی بڕەکەشی نەدەکردەوە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە سەرەڕای هەموو ئەو کیشانەی کە ئێستا کەرتی گشتی بەدەستیەوە دەناڵێنێت بریتیە لەوەی کە هێشتا نەبووەتە هۆی جێی ڕەزامەندی و ئارامگەی دارایی خەڵکی ئەوەش لەوانەیە یەك لە خوێندنەوەکانی ئەوەبێت کە هێشتا خەڵکی باوەڕی وایە کە هێشتا کەرتی گشتی ئارامگە ئابووریەکە دەنوێنێت و یانیش ئەوەبێت کە کەرتی تایبەت نەیتوانە بە شێوەیەکی ئەوتۆ بکەوێتە سەرپێ کە ببێتە جێگرەوەی کەرتی تایبەت و خەڵکی رووی تێبکەن.**

**١٨- بەشداری نەکردن لە خولی راهێنان وەك هۆکارێکی تری بێکاربوون X٧:**

**ئەو خاڵە گرنگی بەشداری پێکردنی دەرچوو لە خولی راهێنان و بەهێزکردندا دەنوێنێت بۆ ئامادەکردنی دەرچوو بەشێوەیەك کە لە دوای دەرچووندا یەکسەر ئامادەی کارکردن بێت. کە بەداخەوە ئەو راهێنان پێکردنە لە زانکۆکانی هەرێمدا ئەوەندە بەهێز نیە تا بتوانێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. کە لە زانکۆکانی هەرێمدا سەرەڕای هەبوونی وانەی پراکتیکی لە زۆرێك لەبەشەکان و نەبوونی لە زۆرێکیشیان ئەوە وا دەکات دەرچووی زانکۆ کیرۆدەی دەستی کەم تواناى جێبەجێکردنی زانستەکەی بوارەکەی خۆی ببێتەوە بەشێوەیەك وای لێدەکات بە ئاسانی نەتوانێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە هۆکارەکەی نەبوونی داتای پێویستی بەردەست و لاوازی سەنتەرەکانی شیکردنەوەی داتا بۆ ئەوەی لەوە بگات بازار چی پێویستە و چی پێویست نیە ئەوە لەلایەك لەلایەکی ترەوە کێشەی دەرچوانی هەر بوارێك بە ووردی چیە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.**

**١٩- کاریگەری بێکاربوون لەسەر بڕیاری هەڵبژاردنی سیاسی لە داهاتوودا X٢٥:**

**لە هەموو جیهاندا بە تەواوی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەوانەی کە سیاسەت دەکەن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا یەکێك لەو شتانەی کە زۆر بە زەقی باسی لێوەدەکەن دابینکردن و دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ دانیشتوانی وڵات. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو سیاسەتزانانە زۆر باش لەوە تێکەیشتوون کە دیاردەی بێکاری سەرەڕای ئەوەی دیاردەیەکی ئابووریە بەڵام تێکهەڵکێشێکی تەواویشی لەگەڵ سیاسەت هەیە. لە لای خۆشمان کەم یان زۆر ئەو دیاردەیە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردەکان هەیە هەرچەندە لەوانەیە تا ئێستا توێژینەوەی تایبەت بەو بابەتە ئەنجام نەدراوە بەڵام ئەوەی دەنووسرێ و دەبیسترێ وێنەیەك لەمە دەخەنەڕوو. لەوانەیە بەهۆی هەبوونی هۆکاری تر کە لە رووکاردا تا ئێستا بەهێزترە لە دیاردەی بێکاری وای کردووە ئەو دیاردەیە ئەوندە زەق نەبێت. نموونە لەسەر ئەو هۆکارانە بۆ نموونە بوونی جێگرەوەی بەهێزتر لەوەی بەردەستە، ناڕوونی لە هەڵبژاردنە سیاسیەکان، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان لایەنەکان و ...هتد. بەڵام بێگومان بەهۆی ئەو پاشەکشێ ئابووریەی ئەو ساڵانەی دوایی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە و وای کردووە کێشە ئابووریەکان باشتر بەدیار بکەون، ئەمە لەوانەیە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر دەنگدانی بێکارەکان سەبارەت بە لایەنە سیاسیەکانی کە ئێستا حوکمڕانن.**

## دەرەنجام و پێشنیارەكان

**لێرەدا هەڵدەستین بەخستنەڕووی گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی كە لە توێژینەوەكەمان لە ڕوناكایی پرسیارەكانی ئەنكێتی توێژینەوەكەمان و خوێندنەوەی خۆمان بۆ دیاردەكە دەخەینەڕوو:**

**١. زۆربەی دەرچوانی زانكۆی سەلاحەددین دەناڵێنن بەدەست نەزانینی زمانی دووەم جا چ زمانی ئینكلیزی بێت یان عەرەبی، بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی كە پلەی یەكەمی لە گرنگی ڕێژەیی وەرگرتووە لە ڕووی زانینی زمانەكان. ئەمەش بەهۆی ئەو كرانەوەی هەرێمی كوردستانە بە ڕووی كۆمپانیا بیانیەكان.**

**٢. لاوازی نەوەی ئێستا بەتایبەتیش دەرچوانی زانكۆ لە بەرامبەر ئاشنایەتی بە زانستی كۆمپیوتەر وەكو پێویستیەكی سەردەم و هەنووكەیی كە زۆربەی كۆمپانیاكان ئەو لایەنە بە مەرجی سەرەكی دادەنێن لە كاتی دامەزراندنی كرێكار لە كۆمپانیاكانیان.**

**٣. بێ بەڵێنی حكومەت لە ئاست داواكاری دەرچوانی زانكۆ وە دامەزرانیان لە كەرتی گشتی وە بێ بەڵێنی سیاسیەكان لە ئاست ئەو بەڵێنانەی كە لە كاتی هەڵبژاردنەكان بە بێكارەكانیان داوە بەتایبەتیش دەرچوانی زانكۆ كە ئەو كێشەیەی قوڵتر كردۆتەوە.**

**٤. یەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكان بریتییە لە گیرۆدەی دەستی كار لە تێكنەكردنەوەی ئەوەی خوێندوێتی لەگەڵ ئەوەی لە بازاڕ داوا دەكرێت، یانیش پەیوەست نەبوونی بەرنامەكانی خوێندن لە زانكۆ لەگەڵ ئەو بازاڕی كارەی كە لە هەرێمی كوردستان هەیە، بەجۆرێك دەرچوانی زانكۆ لە دوای دەرچوونیان پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆیان نیە بەو هەلانەی كە بازاری كاردا بوونیان هەیە.**

**٥. لاوازی یاخود بەشداری پێنەكردنی دەرچوانی زانكۆی سەلاحەددین لەخولی ڕاهێنان و بەهێزكردن بەشێوەیەكی پێویست بەمەبەستی ئامادەكردنیان بۆ بازاری كار ئەمەش وادەكات كە زیاتر هەل بۆ كرێكاری كارامە و لێهاتوو بڕەخسێنێت لە بازاری كاردا سەرەڕای نەبوونی بڕوانامەی بەرز.**

**٦. زیادبوونی بێكاری دەرچوانی زانكۆ كاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر لایەنی دەرونی بێكار و دەبێتە هۆی ئەنجامدانی زۆرێك كاری نەشیاو بۆ دابین كردنی بژێوی ژیانی خۆی بەتایبەتیش فرو فێڵ و دزی و كوشتن و ...هتد، كە ئەمەش كاریگەری لەسەر بارودۆخی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا دروست دەكات و دەبێتە هۆی تێچوونی ئاسایشی ووڵات.**

**٧. یەكێك لە هۆكارەكانی تری بێكاری دەرچوانی زانكۆ هاتنی ئاوارە و كرێكارە بیانییەكان كە كارامەیی و لێهاتووییان هەیە بەتایبەتیش لەبازاری كاردا ئەمە لە لایەك. وە لەلایەكی تریشەوە ئەو كرێیەی كە ئەوان وەریدەگرن زۆر كەمترە لەو كرێیەی كە كرێكارانی ناوخۆ داوای دەكەن بۆ كاركردن بەتایبەتیش دەرچوانی زانكۆ.**

**٨. سەرمایە گرنگیەكی تایبەتی و ڕێژەیی هەیە سەبارەت بە بێكارەكان بە تایبەتیش ئەو كەسانەی كە خاوەنی بیرۆكەن و دەیانەوێت پرۆژەی تایبەت بەخۆیان هەبێت و سەربەخۆ كارێك بەڕێوە ببەن.**

**٩. كەمتەرخەمی كەرتی تایبەت لە بەكارهێنانی كرێكاری ناوخۆ و كەمكردنەوەی بارگرانی لەسەر كەرتی گشتی لە لایەك و كەمكردنەوەی ئەو بێكاریە شاراوەی كە لە زۆربەی كەرتەكانی كەرتی گشتیدا بەدی دەكرێت.**

**١٠. بازاڕی كاری هەرێمی كوردستان دەناڵێنێت بەدەست كەمی زانیاری سەبارەت بەهەلی كاری بەتاڵ، بەجۆرێك لە حالەتی ڕەخسانی هەلی كاریش ئەگەر بێكار زانیاری نەبێت ئەوا ناتوانێت سوودی لێ ببینێت.**

**بە مەبەستی بەشداری کردن لە چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین و لە سۆنگەی ئەو دەرئە نجامانەوە ئەو پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**

1. **هەڵسان بە ئە نجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر بۆ دیاریکردنی ئاستەنگی ڕاستەقینەی بەردەم دیاردەی بێکاری دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین.**
2. **گۆڕینی سیستەمی خویندنی زانکۆکان بۆ زمانی ئینگلیزی بەتایبەتیش لە زانکۆی سەلاحەددین وە لە پاڵیشیدا گرنگی بە زمانی عەرەبی و زانستی کۆمپیوتەر بدرێت بە شێوەیەکی سەرەکی، سەرەڕای ئەوانەش کردنەوەی خولی زمان لە پشووەکانی کۆتایی ساڵ بۆ ئەوەی قووتابی توانای زمانی دووەم و سێیەمی بەهێزتر بێت.**
3. **پەیوەیست کردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی لەگەڵ بازاڕی کار بەجۆرێك دەرچوانی زانکۆ لە دوای دەرچوونیان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەبێت بەو هەلی کارانەی کە بازاری کاردا بوونان هەیە و بتوانن ڕاستەوخۆ تێیدا دا بمەزێن و کار بکەن.**
4. **هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی ئەو پرۆژانەی کە هێشتا وەستاون، وە هانی ئەوانەش بدرێت کە تازەن.**
5. **کردنەوەی خولی راهێنانی پیشەیی و پراکتیکی بۆ دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بازاری کار ئەمەش وادەکات کە زیاتر هەلی کاریان بۆ برەخسێنێت و بەبێ کاری نەمێننەوە.**
6. **سنووردارکردنی هێنانی کرێکارە بیانییەکان بەجۆرێك تەنها ئەو کرێکارانە بهێنرێت کە لێهاتوویەکی رادەبەدەرییان هەیە وە سوود لە کرێکارانی ناوخۆ وەربگیرێت بۆ پرکردنەوەی هەلەکانی تر لە کارکردن، وە هەروەها کارکردن بەگەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان کە ئەمەش زیاتر دەرگای کارکردن واڵا دەکات لەبەردەم کرێکارانی ناوخۆ وە سود بینین لەوانەی سەرمایەیان هەیە.**
7. **دابین کردنی سەرمایە بۆ بێکارەکان بە تایبەتیش ئەو کەسانەی کە خاوەنی بیرۆکەن و دەیانەوێت پرۆژەی تایبەت دا بمەزرێنن، ئەمەش لەرێگای پێدانی قەرزی بچووك یاخود هاندانی کۆمپانیای تایبەت کە پاڵپشتی دارایی ئەو کرێکارانە بکەن و پەرە بە تواناکانیان بدەن بەمەش قازا نجێکی زیاتر بەدەست دەهێنن.**
8. **سەپاندنی مەرج لەسەر کەرتی تایبەت لە بەکارهێنانی کرێکاری ناوخۆ و کەمکردنەوەی بەکارخستنی کرێکاری بیانی، ئەمەش بە رێژەیەك بێت کە کرێکاری ناوخۆ زۆربەی پێکهاتەی کەرتەکە پێك بهێنن.**
9. **کردنەوەی ناوەندێکی زانیاری کە تێیایدا هەموو ئەو هەلی کارانە بخرێنە ڕوو کە بوونیان هەیە لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان جا ئەو ناوەندە دامەزراوە بێت یاخود پە یجێکی ئەلیکترۆنی بێت کە تیاییدا زانیارییەکان سەبارەت بەبازاڕی کاری تێدا دەخاتە ڕوو.**
10. **ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆ وە دامەزرانیان لە کەرتی گشتی وە بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەی کە بە بێکارانی دەدەن و گەڕاندنەوەی متمانەیان بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش بێکاران و دەرچوانی زانکۆ.**
11. **کاراکردنی پێدانی بیمەیەکی بێکاری بۆ دەرچوە بێکارەکان بەلام پێویستە بەشێوەیەك بێت زۆرتر هانی کرێکار بدات کە بەدوای کاردا نەگەرێت.**

**المصادر:-**

١. **الأسطل، محمد مازن، العوامل المؤثرة على المعدلات البطالة في فلسطين (١٩٩٦-٢٠١٢)، رسالة الماجستير، الجامعة الاسلامية بغزة، كلية التجارة، قسم اقتصاديات التنمية، ٢٠١٤.**

٢. **البريفكاني، احمد محمد اسماعيل واخرون، ظاهرة البطالة بين خريجي كليات جامعة دهوك (الأسباب والمعالجات)، مجلة تنمية الرافدين، العدد ١٠٠، مجلد ٣٢، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة الموصل، الموصل، العراق، ٢٠١٠.**

٣. **بلعربي، اسماء، واقع سياسة الإندماج لدى خريجي الجامعة الجزائرية، دراسة ميدانية على عينة من الجامعين العاملين ضمن جهاز المساعدة على الاندماج المهني بمدينة بسكرة، رسالة الماجستير، ٢٠١٤.**

٤. **الجبارة، عبدالله بن محسن بن احمد، البطالة لدى الخريجين الاسباب المحتملة والانعكاسات الامنية و الحلول المقترحة، رسالة الماجستير، ٢٠٠٦.**

٥. **سليمة، أشروف آبير، الاستجابة لضغط البطالة لدى المتخرج الجامعي، شهادة ماجستير، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة الجزائر، الجائر، ٢٠٠٥.**

٦. **الشيخ، فوزي، مساهمة المؤسسات الصغيرة و المتوسطة في التخفيف من ظاهرة البطالة "دارسة حالة الجزائر (٢٠٠٥-٢٠١٣)، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاقتصادية و التجارية وعلوم التسيير، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة، الجزائر، ٢٠١٤.**

٧. **صالح و فارس، محمد، شلالي، دور سياسة التشغيل في معالجة مشكل البطالة في الجزائر خلال الفترة ٢٠٠١-٢٠١٤ مع محاولة اقتراح نموذج اقتصادي للتشغيل للفترة ٢٠٠٥-٢٠٠٩، رسالة الماجستير، ل ٢٠، ٢٠٠٩.**

٨. **صالح، عبد الرزاق محمد، ظاهرة العولة وتاثيرها على البطالة في الوطن العربي، الواقع والاحتساب، رسالة الماجستير، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك، كلية الادارة والاقتصاد، قسم العلوم الاقتصادية، ص ٨١، الدنمارك ٢٠٠٨.**

٩. **عبدالقادر، يحي، دور المؤسسات الصغيرة والمتوسطة في امتصاص البطالة، دراسة حالة ولاية تيارات، رسالة الماجستير، ٢٠١٢.**

١٠. **الفتلاوي، حيدر مجيد عبود، أهمية تخطيط القوى العاملة في خفض معدلات بطالة الخريجين في العراق مع إشارة خاصة الى جامعة الكوفة، مركز دراسات الكوفة : الدراسات القانونية والإدارية، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة الكوفة، العراق، ٢٠٠٩.**

١١. **مراد، محمد جلال، البطالة والسياسات الاقتصادية، جمعية العلوم الالاقتصادية السورية، دمشق، السوريا، ٢٠٠٠.**

١٢. Alan Julian Izenman: Modern Multivariate Statistical Techniques. Temple University, Speakman Hall, Philadelphia, PA ١٩١٢٢, USA, Springer Science+Business Media, LLC., ٢٠٠٨.

١٣. Alvin C. Rencher: Methods of Multivariate Analysis Second Edition, Brigham Young University. Published simultaneously in Canada. John Wiley & Sons, Inc., ٢٠٠٢.

١٤. Amy S. Beavers, John W. Lounsbury, Jennifer K. Richards, Schuyler W. Huck, Gary J. Skolits, and Shelley L. Esquivel: Practical Considerations for Using Exploratory Factor Analysis in Educational Research. Volume ١٨, Number ٦, March ٢٠١٣ ISSN ١٥٣١-٧٧١٤, ٢٠١٣.

١٥. Bryant, F. B., & Yarnold, P. R.: Principal components analysis and exploratory and confirmatory factor analysis. In L.G. Grimm & P.R. Yarnold (Eds.), Reading and understanding multivariate statistics. Washington, DC: American Psychological Association, ١٩٩٥.

١٦. Chatfield, C. and Collins, A. J.: Introduction to Multivariate Analysis" In association with Methuen, Chapman & Hall. New York, USA, ١٩٨٠.

١٧. David Byrne and Eric Strobl, Defining Unemployment in Developing Countries: The Case of Trinidad and Tobago, CREDIT Research Paper, No. ٠١/٠٩, School of Economics, University of Nottingham, ٢٠٠١.

١٨. Dillon, W.R. and Goldstein, M.: Multivariate Analysis Methods & Application, John Wiley & Sons, New Work-USA, ١٩٨٤.

١٩. Gorsuch, R. L.: Factor analysis (٢nd ed.). Hillsdale,NJ: Erlbaum, ١٩٨٣.

٢٠. Hutcheson, G., & Sofroniou, N.: The multivariate social scientist: Introductory statistics using generalized linear models. Thousand Oaks, CA: Sage Publications, ١٩٩٩.

٢١. John I. Marden: Multivariate Statistics. University of Illinois at Urbana-Champaign, ٢٠١٥.

٢٢. Lawley, D. N., & Maxwell, A. E.: Factor analysis as a statistical method. London: Butterworth and Co., ١٩٧١.

٢٣. Markela Muca, Llukan Puka and, Klodiana Bani: Principle Components and the maximum likelihood method as tools to analyze large data with a psychological testing example. European Scientific Journal, July ٢٠١٣ edition vol.٩, No.٢٠ ISSN: ١٨٥٧– ٧٨٨١ (Print) e -ISSN ١٨٥٧- ٧٤٣١, ٢٠١٣.

٢٤. Neil H. Timm: Applied Multivariate Analysis, Springer-Verlag New York, Inc, ٢٠٠٢.

٢٥. Richard A. Johnson and Dean W. Wichern: Applied Multivariate Statistical Analysis, ٦th Edition. Pearson prentice Hall, Upper Saddle River, NJ ٠٧٤٥٨, ٢٠٠٧.

٢٦. Suhr, D.: Exploratory or Confirmatory Factor Analysis, SAS Users Group International Conference Cary, SAS Institute, Inc., ٢٠٠٦.

٢٧. Sybil Carrere, Kim T. Buehlman, John M. Gottman, James A. Coan, and Lionel Ruckstuhl: Predicting Marital Stability and Divorce in Newly wed Couples, Journal of Family Psychology, ٢٠٠٠, Vol. ١٤, No. ١,٤٢-٥٨, ٢٠٠٠.

٢٨. Tae Kyung Kim١, Hye Jin Kim٢ and Eun Kwang Yoo٣: Factors Influencing Depression in Married Immigrant Women, ٢٠٠٥, International Journal of u- and e- Service, Science and Technology Vol.٨, No. ١٠ (٢٠١٥), ٢٠١٥.

٢٩. Tómas Michael Reynisson: A Business Cycle Analysis with Large Factor Model. Department of Economics School of Social Science, University of Iceland. Printed and bound in Háskólaprent, Reykjavik, ٢٠١٢.

## پاشكۆكان

### پاشكۆی (١)

### ئەنكێتی پرسینەوە

**بێكاری خۆشەویست: ئەو فۆڕمەی لەبەر دەستت دایە را پرسیەكی زانستی یە سەبارەت بە(شرۆڤەی ڕەوشی بێكاری دەرچوانی زانكۆی سەلاحەددین لەنێوان هۆكار و چارەسەردا ) بۆ دەرچوانی قوتابیانی زانكۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر. جا وەلآمدانەوەی پرسیارەكان بەشێوەیەكی راست و دروست خزمەت بە توێژینەوەكەمان دەكات و یارمەتیمان دەدات كە لە داهاتوودا بتوانین كار بۆ دەرچووەكا نمان بدۆزینەوە بە پێی پێویست.**

**توێژەران**

**م.ی ڕێباز ظاهر اسماعیل / كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری**

**م.ی هەژار طلعت ابوبكر / كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری**

**م.ی شێروان جلیل احمد / كۆلێژی كشتوكاڵ**

**یەكەم: زانیاری گشتی:**

**١- تەمەن: ( ) ساڵ**

**٢- رەگەز: ( ) نێر ، ( ) مێ**

**٣- ئاستی خوێندەواری: ( ) دبلۆم ، ( ) بكالۆریوس ، ( ) دبلۆمی بالآ ، ( ) ماستەر و دكتۆرا**

**٤- باری خێزانداری: ( ) سەڵت ، ( ) خێزاندار ، ( ) هی تر**

**٥- چەند ساڵە زانكۆ یان پە یمانگات تەواو كردووە : ( ) ساڵ**

**٦- دەرچووی چ كۆلێژێك یان پە یمانگایەكیت: (................................................)**

**٧- ئەو بەشەی كە لە زانكۆ یان پە یمانگا تەواوت كردووە : (............................................)**

**٨- شوێنی نیشتەجێ بوون: (..................................)**

**٩- سەرچاوەی داهاتی ئێستات چیە؟ (..............................) و چەندە؟ (...........................)**

**دووەم: زانیاری تایبەت بە بێکارانی دەرچوانی زانکۆی سەلاحەددین:**

| ز | پرسیار | ئاستی هاوڕابوون | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕا نیم | زۆر هاوڕا نیم |
| ١ | نزمی ئاستی کرێ هۆکاری بێکاریە | | | | | |
| ٢ | بڕوانامە رۆڵی زۆرە بۆ دۆزینەوەی کار | | | | | |
| ٣ | نەبوونی سەرمایە هۆکاری بێکاریە | | | | | |
| ٤ | لە هەر کەرتێك کار بڕەخسێنێت ئامادەم کاری تیادا بکەم | | | | | |
| ٥ | ئەوەی لە کۆلیژ خوێندوتە لەگەڵ داواکاری بازار ناگونجێت | | | | | |
| ٦ | نەگونجانی هەلی کار لەگەڵ پسپۆڕی هۆکاری بێکاربوونە | | | | | |
| ٧ | بەشداری نەکردن لە خولی راهێنان هۆکاری بێکاربوونە | | | | | |
| ٨ | زمانی عەرەبی لە هۆکارە سەرەکیەکانی بێکار بوونە | | | | | |
| ٩ | زمانی ئینگلیزی لە هۆکارە سەرەکیەکانی بێکار بوونە | | | | | |
| ١٠ | هاتنی ئاوارە و کەسانی بێگانە هۆکاری بێکاریە | | | | | |
| ١١ | نەبوونی سەرچاوەکانی زانیاری بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار هۆکارە لە دەستنەکەوتنی کار | | | | | |
| ١٢ | نا چالاکی کارکردنی کەرتی تایبەت لە ناوچەکەدا هۆکاری بێکاریە | | | | | |
| ١٣ | زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەگوێرەی داوای کۆمپانیاکان لە هۆکاری بیکاربوونە | | | | | |
| ١٤ | بێ بەڵێنی حکومەت بەرامبەر هەلی لەکەتی گشتی و تایبەتی | | | | | |
| ١٥ | رێکارە یاساییەکان لەمپەڕن لە بەردەم دۆزینەوەی کار | | | | | |
| ١٦ | لەبەر ئەوەی پێشتر هەلی کار زیاتر بوو لە کەرتی میری و لە ئێستاش میری کاری بەو هەموو ژمارە فەرمانبەرانە نیە | | | | | |
| ١٧ | سەنتەری هۆشیارکردنەوەی بێکاران و بلاوکردنەوەی زانیاری هەلی کار چالاك نین | | | | | |
| ١٨ | نە بوونی واستە و ناسیاو هۆکاری سەرەکی بێکار بوونن | | | | | |
| ١٩ | ئەگەر هەلێکی کارت لە هەر شارێکی هەرێم بۆ بڕەخسێ ئامەدەی بیکەیت | | | | | |
| ٢٠ | بێکاری کێشەیەکی جیددیە کە رووبەرووی کۆ مەڵگەی کوردی و لاوان بەتاییەت دەبێتەو | | | | | |
| ٢١ | بێکاری رێگرە لە هاوسەرگیری | | | | | |
| ٢٢ | بێکاربوون کاریگەری نەرێنی دەروونی هەیە | | | | | |
| ٢٣ | . بێکاری لەوانەیە هانی بێکار بدات بۆ کاری نایاسایی | | | | | |
| ٢٤ | بێکاری دیاردەیەکە راستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە. | | | | | |
| ٢٥ | بێکار بوونت کار دەکاتە سەر بڕیارت لەسەر هەڵبژاردنی سیاسی لە داهاتوو | | | | | |

**پاشكۆی (٢)**

Correlation Matrix

| Correlation Matrix | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | X١ | X٣ | X٥ | X٦ | X٧ | X٨ | X٩ | X١٠ | X١٢ | X١٣ | X١٤ | X١٦ | X١٧ | X١٨ | X٢٠ | X٢١ | X٢٢ | X٢٣ | X٢٥ |
| Correlation | X١ | ١.٠٠ | ٠.٣٠ | ٠.٢٣ | ٠.٣٣ | ٠.٠٩ | ٠.١٠ | ٠.٢٢ | ٠.١١ | ٠.١٢ | ٠.١٥ | -٠.٠٩ | ٠.٠٢ | ٠.١٧ | ٠.١١ | -٠.٠٣ | -٠.٠٨ | -٠.٠٤ | -٠.١٧ | ٠.٠٧ |
| | X٣ | | ١.٠٠ | ٠.٢٧ | ٠.٣٢ | ٠.٢١ | -٠.٠٤ | ٠.٠٧ | ٠.١٣ | ٠.١٤ | ٠.٢٢ | ٠.٠٢ | ٠.٠٣ | ٠.٢٤ | ٠.١٢ | ٠.٠٤ | -٠.٠٣ | ٠.٠٢ | -٠.٠٤ | ٠.١٧ |
| | X٥ | | | ١.٠٠ | ٠.٤١ | ٠.٠١ | ٠.٠٠ | ٠.١٨ | -٠.٠٣ | ٠.٠٤ | ٠.٠١ | -٠.٠٢ | -٠.٠٦ | ٠.٠٦ | -٠.٠٨ | ٠.٠٥ | ٠.٠٨ | ٠.٠٥ | -٠.١٠ | ٠.٠٢ |
| | X٦ | | | | ١.٠٠ | ٠.٢١ | ٠.٠٧ | ٠.١٦ | ٠.٠١ | ٠.٢٣ | ٠.٠٣ | ٠.٠٧ | ٠.١١ | ٠.٢٢ | ٠.٠٢ | ٠.١٧ | ٠.٠٩ | ٠.٠٧ | ٠.٠٠ | ٠.١٣ |
| | X٧ | | | | | ١.٠٠ | ٠.١٤ | ٠.٢٠ | ٠.٠٢ | ٠.١١ | ٠.١٧ | -٠.٠٥ | ٠.١٢ | ٠.٢٤ | -٠.٠٣ | -٠.١٢ | ٠.٠٠ | -٠.٠١ | -٠.٠٣ | ٠.١١ |
| | X٨ | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٦٤ | ٠.٣٣ | ٠.١٤ | ٠.٣٣ | ٠.٠١ | ٠.١٤ | -٠.٠٥ | ٠.٢٧ | ٠.٠٣ | ٠.١٦ | ٠.٠٦ | ٠.١٥ | ٠.٠٦ |
| | X٩ | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٣٥ | ٠.٠٨ | ٠.٣٨ | -٠.٠٩ | ٠.١٧ | ٠.٠٠ | ٠.١٦ | -٠.٠٣ | ٠.٢٠ | -٠.٠١ | ٠.١٤ | ٠.٠٦ |
| | X١٠ | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٢٩ | ٠.٠٣ | ٠.٣١ | ٠.١٥ | ٠.٠٩ | ٠.٣٠ | ٠.١٨ | ٠.١٣ | ٠.٢٤ | ٠.٢٠ | ٠.١٤ |
| | X١٢ | | | | | | | | | ١.٠٠ | -٠.٠٦ | ٠.٣٢ | ٠.٢٦ | ٠.٢٩ | ٠.١٨ | ٠.٢٤ | ٠.١٤ | ٠.٢٣ | ٠.١٨ | ٠.٠٣ |
| | X١٣ | | | | | | | | | | ١.٠٠ | -٠.٢٠ | ٠.٠٣ | ٠.٠٠ | ٠.٠٢ | -٠.٢٤ | -٠.٠٩ | -٠.١٩ | -٠.١٣ | -٠.٠٤ |
| | X١٤ | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٣٦ | ٠.١٢ | ٠.٢٧ | ٠.٤٢ | ٠.١٩ | ٠.٤٠ | ٠.٢٩ | ٠.٣٤ |
| | X١٦ | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٣٥ | ٠.٢٠ | ٠.٢٧ | ٠.١٨ | ٠.١٩ | ٠.١٩ | ٠.٠٧ |
| | X١٧ | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.١٠ | ٠.١٥ | ٠.٠٢ | ٠.١٤ | ٠.١٠ | ٠.٠٣ |
| | X١٨ | | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.١٨ | ٠.٠٣ | ٠.١٩ | ٠.٢١ | ٠.١١ |
| | X٢٠ | | | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٢٤ | ٠.٤٣ | ٠.٣٦ | ٠.٢١ |
| | X٢١ | | | | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٣٠ | ٠.٤٦ | ٠.٠٨ |
| | X٢٢ | | | | | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.٥١ | ٠.٣٢ |
| | X٢٣ | | | | | | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ | ٠.١٦ |
| | X٢٥ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | ١.٠٠ |

## پاشکۆی (٣)

## Anti-image Correlation

Anti-imageCorrelation  Matrix

| | | X١ | X٣ | X٥ | X٦ | X٧ | X٨ | X٩ | X١٠ | X١٢ | X١٣ | X١٤ | X١٦ | X١٧ | X١٨ | X٢٠ | X٢١ | X٢٢ | X٢٣ | X٢٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Anti-image Correlation | X١ | ٠.٧٣ | -٠.١٤ | -٠.٠٥ | -٠.٢١ | ٠.٠٨ | ٠.٠٤ | -٠.١٤ | -٠.٠٤ | -٠.٠٦ | -٠.٠٣ | ٠.١١ | ٠.٠٢ | -٠.١٠ | -٠.١٠ | ٠.٠٢ | ٠.٠٥ | -٠.٠٤ | ٠.١٧ | -٠.٠٦ |
| | X٣ | -٠.١٤ | ٠.٦٣ | -٠.٢١ | -٠.١٣ | -٠.١٤ | ٠.١٥ | ٠.١٠ | -٠.١٦ | -٠.٠٥ | -٠.٢٧ | ٠.٠٦ | ٠.٠٤ | -٠.١٢ | -٠.١٣ | -٠.٠٤ | ٠.٠٠ | ٠.٠٦ | -٠.٠٢ | -٠.١٦ |
| | X٥ | -٠.٠٥ | -٠.٢١ | ٠.٥٣ | -٠.٣٠ | ٠.١٢ | ٠.٠٨ | -٠.٢٥ | ٠.١١ | ٠.٠٤ | ٠.٠٩ | -٠.٠٦ | ٠.١١ | -٠.٠١ | ٠.٠٩ | -٠.٠١ | -٠.٠٨ | -٠.١٤ | ٠.١٧ | ٠.٠٨ |
| | X٦ | -٠.٢١ | -٠.١٣ | -٠.٣٠ | ٠.٧٢ | -٠.١٤ | -٠.٠٤ | -٠.٠٤ | ٠.١٢ | -٠.١٥ | ٠.٠٥ | -٠.٠٢ | -٠.٠١ | -٠.٠٧ | ٠.٠٤ | -٠.١٣ | -٠.٠٤ | ٠.٠٥ | ٠.٠٠ | -٠.٠٧ |
| | X٧ | ٠.٠٨ | -٠.١٤ | ٠.١٢ | -٠.١٤ | ٠.٦٣ | -٠.٠٥ | -٠.١٣ | ٠.٠٧ | -٠.٠٦ | -٠.٠٢ | ٠.٠٤ | -٠.٠٥ | -٠.١٨ | ٠.٠٩ | ٠.١٥ | ٠.٠١ | -٠.٠٥ | ٠.٠٥ | -٠.١١ |
| | X٨ | ٠.٠٤ | ٠.١٥ | ٠.٠٨ | -٠.٠٤ | -٠.٠٥ | ٠.٦٩ | -٠.٤٧ | -٠.١١ | -٠.٠٩ | -٠.٢٠ | ٠.٠٣ | ٠.٠١ | ٠.١٠ | -٠.١٩ | -٠.٠٤ | -٠.٠٤ | -٠.٠٣ | ٠.٠١ | -٠.٠٢ |
| | X٩ | -٠.١٤ | ٠.١٠ | -٠.٢٥ | -٠.٠٤ | -٠.١٣ | -٠.٤٧ | ٠.٦١ | -٠.٣٠ | ٠.٠٦ | -٠.٢٢ | ٠.١٩ | -٠.١٧ | ٠.٠٦ | -٠.٠١ | ٠.٠٣ | -٠.١٢ | ٠.١٣ | -٠.١٥ | -٠.٠٨ |
| | X١٠ | -٠.٠٤ | -٠.١٦ | ٠.١١ | ٠.١٢ | ٠.٠٧ | -٠.١١ | -٠.٣٠ | ٠.٧٢ | -٠.١٦ | ٠.١٠ | -٠.٢٤ | ٠.١٠ | -٠.٠٤ | -٠.٠٩ | -٠.٠١ | ٠.٠٣ | -٠.١١ | ٠.٠٣ | ٠.٠٣ |
| | X١٢ | -٠.٠٦ | -٠.٠٥ | ٠.٠٤ | -٠.١٥ | -٠.٠٦ | -٠.٠٩ | ٠.٠٦ | -٠.١٦ | ٠.٨١ | ٠.٠٥ | -٠.١٧ | -٠.٠٦ | -٠.١٥ | -٠.٠١ | -٠.٠٤ | -٠.٠٣ | -٠.٠٥ | -٠.٠٢ | ٠.١٦ |
| | X١٣ | -٠.٠٣ | -٠.٢٧ | ٠.٠٩ | ٠.٠٥ | -٠.٠٢ | -٠.٢٠ | -٠.٢٢ | ٠.١٠ | ٠.٠٥ | ٠.٧٠ | ٠.٠١ | -٠.٠٥ | ٠.٠٠ | ٠.٠٥ | ٠.١٣ | ٠.٠٧ | ٠.٠٤ | ٠.٠٤ | ٠.٠٤ |
| | X١٤ | ٠.١١ | ٠.٠٦ | -٠.٠٦ | -٠.٠٢ | ٠.٠٤ | ٠.٠٣ | ٠.١٩ | -٠.٢٤ | -٠.١٧ | ٠.٠١ | ٠.٧٤ | -٠.٢٩ | ٠.٠٧ | -٠.١٤ | -٠.١٦ | -٠.٠٤ | -٠.٠٨ | -٠.٠٢ | -٠.٢٨ |
| | X١٦ | ٠.٠٢ | ٠.٠٤ | ٠.١١ | -٠.٠١ | -٠.٠٥ | ٠.٠١ | -٠.١٧ | ٠.١٠ | -٠.٠٦ | -٠.٠٥ | -٠.٢٩ | ٠.٧١ | -٠.٣٠ | -٠.٠٦ | -٠.١٢ | -٠.٠٨ | -٠.٠١ | ٠.٠٤ | ٠.٠٨ |
| | X١٧ | -٠.١٠ | -٠.١٢ | -٠.٠١ | -٠.٠٧ | -٠.١٨ | ٠.١٠ | ٠.٠٦ | -٠.٠٤ | -٠.١٥ | ٠.٠٠ | ٠.٠٧ | -٠.٣٠ | ٠.٧٠ | -٠.٠٢ | -٠.٠٣ | ٠.٠٧ | -٠.٠٥ | -٠.٠٨ | ٠.٠٥ |
| | X١٨ | -٠.١٠ | -٠.١٣ | ٠.٠٩ | ٠.٠٤ | ٠.٠٩ | -٠.١٩ | -٠.٠١ | -٠.٠٩ | -٠.٠١ | ٠.٠٥ | -٠.١٤ | -٠.٠٦ | -٠.٠٢ | ٠.٧٨ | -٠.٠٢ | ٠.١٢ | -٠.٠٣ | -٠.١١ | ٠.٠٢ |
| | X٢٠ | ٠.٠٢ | -٠.٠٤ | -٠.٠١ | -٠.١٣ | ٠.١٥ | -٠.٠٤ | ٠.٠٣ | -٠.٠١ | -٠.٠٤ | ٠.١٣ | -٠.١٦ | -٠.١٢ | -٠.٠٣ | -٠.٠٢ | ٠.٨٦ | -٠.٠٤ | -٠.١٨ | -٠.١١ | -٠.٠٥ |
| | X٢١ | ٠.٠٥ | ٠.٠٠ | -٠.٠٨ | -٠.٠٤ | ٠.٠١ | -٠.٠٤ | -٠.١٢ | ٠.٠٣ | -٠.٠٣ | ٠.٠٧ | -٠.٠٤ | -٠.٠٨ | ٠.٠٧ | ٠.١٢ | -٠.٠٤ | ٠.٧٦ | -٠.٠٦ | -٠.٣٣ | ٠.٠٤ |
| | X٢٢ | -٠.٠٤ | ٠.٠٦ | -٠.١٤ | ٠.٠٥ | -٠.٠٥ | -٠.٠٣ | ٠.١٣ | -٠.١١ | -٠.٠٥ | ٠.٠٤ | -٠.٠٨ | -٠.٠١ | -٠.٠٥ | -٠.٠٣ | -٠.١٨ | -٠.٠٦ | ٠.٧٩ | -٠.٣٥ | -٠.٢١ |
| | X٢٣ | ٠.١٧ | -٠.٠٢ | ٠.١٧ | ٠.٠٠ | ٠.٠٥ | ٠.٠١ | -٠.١٥ | ٠.٠٣ | -٠.٠٢ | ٠.٠٤ | -٠.٠٢ | ٠.٠٤ | -٠.٠٨ | -٠.١١ | -٠.١١ | -٠.٣٣ | -٠.٣٥ | ٠.٧٣ | ٠.٠١ |
| | X٢٥ | -٠.٠٦ | -٠.١٦ | ٠.٠٨ | -٠.٠٧ | -٠.١١ | -٠.٠٢ | -٠.٠٨ | ٠.٠٣ | ٠.١٦ | ٠.٠٤ | -٠.٢٨ | ٠.٠٨ | ٠.٠٥ | ٠.٠٢ | -٠.٠٥ | ٠.٠٤ | -٠.٢١ | ٠.٠١ | ٠.٦٤ |

## ملخص

يحاول هذا البحث دراسة وتحليل واقع العاطلين عن العمل لخريجي جامعة صلاح الدين، للوصول إلى أسباب هذه الظاهرة (البطالة). وفي الوقت نفسه يؤكد على العوامل الاقتصادية والسياسية والاجتماعية لإثبات حقيقة هذه العوامل والتي بدورها تصبح سببا في حدوث البطالة بالنسبة للخريجيين والتي تم تحديدها من خلال التحليل العاملي (Factor analysis )، اي العلاقة بين الارقام والمتغيرات النوعية، لان هدف التحليل العاملي للبحث هو ايجاد مكونات البحث من المتغيرات وحجم العينة المأخوذة والتي هي عبارة عن تقليل عدد المتغيرات والتي تسمى بالعوامل من خلال استخدام (PCA) لايجاد مدى الربط والعلاقة الموجودة مابين المتغيرات من خلال البرنامج الاحصائي (SPSS,V٢٢).

ومن اهم النتائج الملفتة للنظر هي أن البطالة تؤثر بالدرجة الاولى على تقليل الزواج وكذلك القيام بالاعمال الغير قانونية التي تؤثر بشكل سلبي على الجانب النفسي للعاطلين، وهذه المشكلة تواجه العديد من الشباب في المجتمع الكوردي، بالاضافة الى عدم توفر المهارات الكافية لديهم في مجالات اللغة الانكليزية والعربية واستخدام الكومبيوتر بحسب احتياجات الشركات وسوق العمل ، والتي يعود سببها الى عدم التوازن بين ما يدرسونها في الجامعات وما يتطلبها سوق العمل فلذلك لايجدون فرص العمل ويصبحون عاطلين عن العمل بالرغم من انخفاض مستوى الاجور وعدم وجود رأس المال او عدم وجود الوسائل الكافية لتشغيل هؤلاء بدلا من توفير فرص العمل لحاملي الجنسيات الاخرى وعدم تحمل المسؤولية الكافية من قبل الحكومة تجاه افرادها لايجاد فرص عمل لهم، بالاضافة الى عدم وجود مراكز لارشاد العاطلين عن العمل ونشر المعلومات اللازمة عن اماكن فرص العمل واتاحة الفرصة لهم للعمل فيها. وختاما من الممكن القول بان كل هذه الاسباب اصبحت اقل في القطاع الحكومي والتي امتلكت العديد من الموظفين بدون نشاط وانتاج معنوي مقارنة بالقطاع الخاص التي افتقرت الى هذه الحالة السلبية في المنطقة وبالاخص (اقليم كوردستان ) وعدم مشاركتهم في الدورات التدريبية لتأهيلهم ، فلذلك يؤثر البطالة مستقبلا على الانتخابات السياسية القادمة و رسم خريطة سياسية واقتصادية جديدة للبلد .

الكلمات المفتاحية : التحليل العاملي ، تحليل المكونات الرئيسية ، البطالة ، بطالة الخريجيين ،فرص العمل ، مستوى الاجور.

**Abstract**[٧]

This research is trying to find realistic conditions for the unemployed graduates at Salahuddin University to get the causes of this phenomenon economic, political and social factors have been taken in consideration. To prove the truth of these mentioned factors, which causes unemployment occurrence for graduates depending on factors analysis method. According to this research the relationship between the numbers of the quantitative variables. Objective of factor analysis method to find anomalies to the communality components of P variables and large number of sample size, which is reduced number of variables to less number of variables and called factors. In general, for this search we use (PCA) to find factors with the loading (Varimax) by (SPSS, V.٢٢) program.

At the end, the overwhelming interest in the influence on the reasons unemployment for graduates that effect on the phenomenon of unemployment, which in turn affect the marriage and sometimes unemployment becomes a reason to carry out illegal issues, and also have a negative effect on the psychological side, it is a serious problem facing the Kurdish community and especially the youth.  And also English and Arabic language and having computer skills, according to the needs of companies and courses they learned at the university are not fit to market needs or job opportunities and the low level of wages and the lack of capital, lack of relatives, flowing a lot of foreign workers, and not responsibility of the government and ignore them to find new jobs and lack of guidance unemployed to disseminate information on job opportunities and activities for all these reasons, the job opportunities are becoming less in the public sector and now the public sector has a large number of staff in return center few business activities in the private sector in the region (Kurdistan region) and unavailability of enough training courses and thus the unemployment affect the tests or the next political elections of the electors future decision .

**Keywords:** Factorial analysis (FA), Principal components analysis (PCA),Unemployment, Unemployment graduates at Salahaddin University.